http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.405

# هەڵبژاردن وەك خواستێكی دیموكراسیو دەرهاوێشتەكانی لەهەرێمی كوردستان خولی سێیەمو چوارەم بە نمونە

یاسین ئاشوور جەوهەر[1] دڵشاد عەلی مەحمود[2]

[1]بەشی جوگرافیا، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی گەرمیان
Yasin.ashur@garmian.edu.krd
[2]بەشی یاسا ،زانكۆی گەرمیان
Kkdlshadali@gmail .com

## پوختە

هەڵبژاردن وەك ڕێگایەك بۆ سپاردنی دەسەڵاتی سیاسیو پێگەی فەرمانڕەوایی بە هێزو گروپو حزبێكی سیاسی لەناو دەوڵەتدا بەشێوەیەكی ئازادیو شەرعی لەلایەن گەلەوە بەرهەمو زادەی دەركەوتنی هزرو پرنسیپەكانی دیموكراسیە كە گەل دەكاتە خاوەن سەرچاوەی ڕەوایەتیو دەسەڵاتەكان نەك هیچ سەرچاوەیەكی دیكەی دەرەوەی ئیرادەی گەل.

ئەگەر دیموكراسی بریتیبێت لەفەرمانڕەوایی لەگەلەوە بۆ گەلو لە پێناو گەلدا بێت ئەوە سەرەكیترین ڕێگایەك ئەم دەستەواژەیە بەرجەستەی بكات هەڵبژاردنە، كەواتە پەیوەندی نێوان دیموكراسیو هەڵبژاردن پەیوەندیەكی پێكەوە بەستراو و پێویستە، هەردووكیان پێكەوە بەرجەستەی ئیرادەی گەل دەكەن.

توێژینەوەكە بەشێوەیەكی گشتی پێكهاتووە لەسێ تەوەری سەرەكی. تەوەری یەكەم بەشێوەیەكی تیۆری تایبەت كراوە بۆ ڕوونكردنەوەو پێناسەكردنی واتاو چەمكی هەڵبژاردنو دیموكراسیو ئەو پەیوەندیانەی بەیەكەوە هەیانە. لەتەوەری دووەمدا باس لە هەڵبژاردنی خوولی سێیەم كراوەو وەسفێكی گشتی بۆ بەشداری ئەو هێزو لایەنە سیاسیانە كراوە كە بەشداری ئەو خولەی هەڵبژاردنیان كردووە لەگەڵ گرنگترین ئەو دەرهاوێشتانەی ئەم خوولە هەییووە لەسەر ئاستی پارلەمانو حكومەتو ژیانی كۆمەڵگای كوردس بەگشتی. تەوەری سێیەم تەرخانكراوە بۆ هەڵبژاردنی خوولی سێیەمو گرنگترین ئەو دەرهاوێشتەو ئەنجامانەی لەم هەڵبژاردنە كەوتنەوە. لەكۆتایشدا بەدەرئەنجام كۆتایی بەتوێژینەوەكە هاتووە. لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەكە پێی گەیشتوە ئەوەیە كەهەڵبژاردنی خوولی سێیەمی پارلەمانی كوردستان بەگرنگترین خوولی پارلەمانی دادەنرێت لەهەرێمی كوردستان بەهۆی ئەو دەرهاوێشتەو ئەنجامە گرنگانەی كە لەسەر پرۆسەی سیاسیو كاری حوكمڕانیو ئەدای پارلەمانی كوردستان هەییوو. هەڵبژاردنی خوولی چوارەمی پارلەمانی كوردستان خراپترین دەرهاوێشتەی هەبووە لەسەر ژیانی سیاسیو پرۆسەی حوكمڕانی هەرێم بەگشتی.

**كلیلی ووشەكان:** هەڵبژاردن ، دیموكراسی،هەرێمی كوردستان، پارلەمان ، حكومەت

## پێشەكی

هەڵبژاردن وەك ڕێگایەك بۆ سپاردنی دەسەڵاتی سیاسیو پێگەی فەرمانڕەوایی بەهێزو گروپو حزبێكی سیاسی لەناو دەوڵەتدا بەشێوەیەكی ئازادو شەرعی لەلایەن گەلەوە بەرهەمو زادەی دەركەوتنی هزرو پرنسیپەكانی دیموكراسیە كە

گەل دەكاتە خاوەن سەرچاوەی رەوایەتیو دەسەڵاتەكان نەك هیچ سەرچاوەیەكی دیكەی دەرەوەی ئیرادەی گەل. ئەگەر چی رەگو ریشەی دیموكراسی دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنێكی مێژووی كۆنو بەجۆرێك لەجۆرەكان لەدەوڵەتە- شارییەكانی گریكدا جێبەجێكراون، بەڵام پرسی پەیڕەوكردنی ئازادی سیاسی یان راستر دیموكراسی لیبراڵی دەگەڕێتەوە بۆ كۆتاییەكانی سەدەی هەژدەیەم بەتایبەتی بۆ هەردوو شۆڕشی فەرەنسیو ئەمریكی كەبوونە هەوێنی پەیڕەوكردنی سیستەمێكی نوێی سیاسی دیموكراسی كەتاوەكو ئێستا درێژەی هەیە.

بێگومان هەرێمی كوردستان، دوای راپەڕینە مەزنەكەی ساڵی (1991) بەهۆی ئەو گۆڕانكاریە سیاسیو ستراتیژیو ئابووریو سەربازییەی كە لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراقو هەرێمیو جیهانیدا هاتە كایەوە، توانی ببێتە خاوەن قەوارەیەكی یاساییو شەرعیو، بنەماكانی حوكمڕانی لەسەر ئاستێكی باڵا بونیاد بنێتو، جۆرێك لەجۆرەكانی رەوایەتی بۆ خۆی دەستەبەر بكات. هێزە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستان بۆ یەكەمین جار لەساڵی (1992) توانیان هەڵبژاردانێكی گشتی لەهەر سێ پارێزگاكانی هەولێرو سلێمانیو دهۆك ئەنجامبدەن. بەڵام بەهۆی كێشە ناوخۆییەكانی هەرێمو دروستبونی پشێوییو ناسەقامگیری سیاسیو، پاشان دابەشبوونی هەرێم بەسەر دوو ئیرادەی جیاوازدا لەنێوان هەردوو پارتی سەرەكی (پارتی دیموكراتی كوردستانو یەكێتی نیشتمانی كوردستان) نەتوانرا برەو بە پایەكانی دیموكراسی بدرێتو، هەڵبژاردن بكەن بەسەنگی محەك بۆ دابەشكردنی دەسەڵاتو بەڕێوەبردنی كۆمەڵگای كوردی.

دوای روخانی رژێمی پێشووی عێراق لەساڵی (2003)، هەرێمی كوردستان پێی نایە قۆناغێكی دیكەی مێژوویی زۆر گرنگەوە. لەساڵی (2005) هاوكات لەگەڵ هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو هەڵبژاردنی پارێزگاكاندا خوولی دووەمی هەلبژاردنەكان لەهەرێمی كوردستان دوای سیازدە ساڵ لەراوەستانی ئەنجامدرایەوە، كە بەیەكەمین هەڵبژاردنی گشتی لەدوای رووخانی رژێمی پێشوو لەعێراقو، دووەم هەڵبژاردن لەهەرێمی كوردستان دادەنرێت. ئەو هەلو مەرجە سیاسیە نوێیەی كە لەعێراقو هەرێمی كوردستان هاتەكایەوەو، ئەو ئەنجامانەی لەم هەڵبژاردنانە كەوتنەوە رێگە خۆشكەربوون بۆ ئەوەی هەڵبژاردن وەك پرسیپێكی جیهانیو دیموكراسیو، وەك رێگایەكی كردارەكی بۆ سپاردنی دەسەڵات بەشێوەیەكی شەرعی بۆ ئەو هێزو حزبو گروپانەی كەپایەكانی فەرمانڕەوایی بەدەستەوە دەگرن لەهەرێمی كوردستان، تاڕادەیەكی باش بچەسپێت. لەئەنجامی ئەم گۆڕانكاریانەشدا لەهەرێمی كوردستان دوو هەڵبژاردنی دیكە ئەنجامدرا لەساڵی (2009) و (2013). ئەوەی ئەم هەڵبژاردنانە لەوانی دیكە جیادەكاتەوە ئەوەیە كەهەردوو هەڵبژاردنەكە چوار ساڵ جارێك كرا كەئەمە خاڵێكی پۆزەتیڤە بۆ پرۆسەی سیاسی هەرێم ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە ئەم دوو هەڵبژاردنە كۆمەڵێك دەرهاوێشتەو جوڵەی سیاسی گەورەی لەناو ئەزموونی فەرمانڕەوایی هەرێمی كوردستاندا دروست كرد. كەتەواوی ئەم توێژینەوەیە تەرخانكراوە بۆ هەڵسەنگاندنو شیكردنەوەی ئەو دەرهاوێشتەو ئەنجامانەی لەم دوو هەڵبژاردنە كەوتنەوە.

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە شیكردنەوەو هەڵسەنگاندن بۆ دەرهاوێشتەو ئەنجامەكانی هەردوو هەڵبژاردنی خوولی سێیەمو چوارەمی پارلەمانی كوردستان دەكات. ئەم دوو هەڵبژاردنە لەناو ئەزموونی حوكمڕانی هەرێمی

كوردستاندا پێگەو گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە لەو رووەوە كە بۆیەكەمین جار لەناو ئەزموونی سیاسی هەرێمدا هێزگەلێكی نوێ بەدەردەكەون كەهەم وەك ئۆپۆزسیۆنو هەم وەك بەشداریش لە پرۆسەی حوكمرانی هەرێمدا رۆڵ دەگێرن. سەرباری ئەوەی كەئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن دەكات كەچۆن چۆنی لەهەرێمی كوردستاندا رەوایەتی بەخشیوەتە دەستەبژێری سیاسی فەرمانڕوا لەهەرێمی كوردستان.

## پاساوەكانی هەڵبژاردنی توێژینەوەكە

ئەو پاساوانەی پاڵپشتی لەهەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە دەكەن خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كەئەنجامدانی هەڵبژاردن بێ هیچ مشتومڕێك یەكەمین هەنگاوە بەرەو دامەزراندنی سیستەمێكی سیاسی كاراو چالاك كەتیایدا گەل دەكاتە خاوەن دەسەلاتو سەرچاوەی پێبەخشینی رەوایەتی بەو دەستەبژێرەی كەئەركی فەرمانڕەوایی لەئەستۆدەگرن، ئەمە جگە لەو پاساوەی كەهەردوو هەڵبژاردنی خوولی سێیەمو چوارەم بەگرنگترین دوو هەڵبژاردنی گشتی لەهەرێمی كوردستان دادەنرێت هەم لەرووی رێكخستنیو هەم لەرووی ئەنجامەوە.

## كێشەی توێژینەوەكە

ئەگەر هەڵبژاردن سەرەتاو یەكەمین هەنگاو بێت بەئاراستەی بونیادنانی سیستەمێكی فەرمانڕەوایی ئەوتۆ كەتیایدا گەل سەرچاوەی دەسەلات بێتو هەر ئەویش مافی متمانە بەخشینو لێسەندنەوەی رەوایەتی بەدەستەبژێری فەرمانڕەوا هەبێتو دەروازەیەكیش بێت بۆ چوونە ناو پرۆسەی دیموكراتیزەكردنەوە بەهەموو رەهەندە جیاوازیەكانیەوە، ئەوا ئەم پرۆسەیە واتە هەڵبژاردن لەهەرێمی كوردستاندا بۆ چی نەیتوانیەوە ئەم رۆڵانە بگێرێت؟ لەم روانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە لەرێگەی دەرهاوێشتەكانی هەڵبژاردنەكانی هەردوو خولی سێیەمو چوارەمی پارلەمانی كوردستانەوە وەلامی ئەو كێشەیە دەداتەوە.

## گریمانەی توێژینەوەكە

گریمانەی سەرەكی توێژینەوەكە ئەوەیە كەهەڵبژاردنی گشتی بەرجەستەكەری ئیرادەی گەلە بۆ بونیادنانی دەسەلاتێكی سیاسی بەرپرسیار لەبەرامبەر ئیرادەی گشتی واتە كۆمەڵگا. پرۆسەیەكی پەیڕەوكراوی ناو هەموو سیستەمێكی سیاسیە كەهەوڵدەدات رەوایەتی بۆ خۆی دەستەبەر بكات. لێرەوە هەڵبژاردن وەك خواستێكی دیموكراسی لەهەرێمی كوردستاندا تاڕادەیەكی زۆر چەسپیوەو هێزە سیاسیەكانی ناو هەرێمیش درك بەم راستیە دەكەن.

## ئامانجەكانی توێژینەوەكە

گرنكترین ئەو ئامانجانەی ئەم توێژینەوەی هەوڵی پێگەیشتنی دەدات بریتیە لە :

1- روونكردنەوەی چەمكو واتای هەڵبژاردنو پەیوەندی ئەم پرۆسەیە بەدیموكراسیەوە.

2- تاچەند هەڵبژاردن وەك پرۆسەیەكی دیموكراسی ئامانجی خۆی لەناو پرۆسەی سیاسی هەرێمی كوردستاندا بەدیهێناوە؟

3- ئەو دەرهاوێشتەو ئەنجامانەی كە لەهەردوو هەڵبژاردنی خوولی سێیەمو چوارەمی پارلەمانی كوردستان كەوتەوە تاچەند لەگەڵ پێوەرو هێڵە گشتیەكانی دیموكراسیدا یەكدەگرێتەوە؟.

## میتۆدی توێژینەوەكە

چونکە توێژینەوەکە تایبەتە بەدەرهاوێشتەو ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی هەردوو خولی سێیەم و چوارەمی پارلەمانی کوردستان و مامەڵە لەگەڵ داتاو ژمارەدا دەکات ئەوا باشترین میتۆدێك خزمەت بەتوێژینەوەکە بکات میتۆدی شیکاری ناوەرۆك و میتۆدی راڤەیی ئامارییە.

**پەیکەری توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتووە لەسێ تەوەری سەرەکی. تەوەری یەکەم بەشێوەیەکی تیۆری تایبەت کراوە بۆ روونکردنەوەو پێناسەکردنی واتاو چەمکی هەڵبژاردن و دیموکراسی و ئەو پەیوەندیانەی بەیەکەوە هەیانە. لەتەوەری دووەمدا باس لە هەڵبژاردنی خوولی سێیەم کراوەو وەسفێکی گشتی بۆ بەشداری ئەو هێزو لایەنە سیاسیانە کراوە کە بەشداری ئەو خولەی هەڵبژاردنیان کردووە لەگەڵ گرنگترین ئەو دەرهاوێشتانەی ئەم خوولە هەییووە لەسەر ئاستی پارلەمان و حکومەت و ژیانی کۆمەڵگای کوردی بەگشتی. تەوەری سێیەم تەرخانکراوە بۆ هەڵبژاردنی خوولی چوارەم و گرنگترین ئەو دەرهاوێشتەو ئەنجامانەی لەم هەڵبژاردنە کەوتنەوە، لەگەڵ دەستنیشانکردنی گرنگترین کۆسپ و رێگریەکانی و دیاریکردنی رێگا چارەسەر بۆیان. لەکۆتایشدا بەدەرئەنجام کۆتایی بەتوێژینەوەکە هاتووە.

**تەوەری یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری لەمەڕ هەڵبژاردن و دیموکراسی**

هەڵبژاردن بەسەرەکیترین رێگا دادەنرێت بۆ پێدانی دەسەلات بەدەستەیەکی سیاسی لەدیموکراسی نوێنەرایەتیدا، نەك ئەمە بەڵکو تاکە میکانیزمی بەخشینی رەوایەتیە بەدەسەلاتی سیاسی و، هەروەها بۆ پرۆسەی ئالوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلات لەنێوان هێزە سیاسیەکاندا. لەدونیای ئەمڕۆدا هەڵبژاردن وەك عەقیدەیەکی دیموکراسی تەماشادەکرێت. واتە هەڵبژاردن و دیموکراسی دوو پرۆسەی تەواوکاری یەکترین و شانبەشانی یەکتری گەشەدەکەن و بەرەوپێشەوە دەچن. واتە ناکرێت باس لەدیموکراسیبوونی دەسەلاتێکی سیاسی بکرێت گەر فەرمانڕەواکانی لەرێگەی گەلەوە هەڵنەبژێردرابێتن و، لەهەمان کاتیشدا هەڵبژاردنێکی ئامانجدار بوونی نابێت گەر تاڕادەیەکی شیاو هەلومەرجێکی دیموکراسیانە لەباردا نەبێت. لەم تەوەردا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت باس لەچەمك و رەهەندەکانی هەڵبژاردن و دیموکراسی بکەین بێئەوەی خۆمان بەوردو درشتی ئەم دوو چەمکەوە ببەستینەوە، چونکە باسکردنی تەواوەتی ئەم دوو چەمکە لەتوانای ئەم توێژینەوەدا نییە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە خزمەت بەهێڵە گشتیەکانی توێژینەوەکە ناکات.

**یەکەم: چەمك و پێناسە هەڵبژاردن**

ژمارەیەکی زۆر لەئەکادیمیست و یاسازانەکان و زانایانی بواری زانستی سیاسی و یاسای دەستوری قسەیان لەسەر هەڵبژاردن کردووەو پێناسەی جیاجیان بۆ کردووە. لێرەدا هەندێك لەو هەولانە دەخەینە روو.

فەرهەنگی یاسایی بەم شێوەیە پێناسەی هەڵبژاردنی کردووە کە: " دەستەواژەیەکە بەو کۆمەڵە پرۆسەیە دەوترێت کە لەرێگەیەوە دەنگدەران بە پێی یاسا رێکخراوەکانی هەڵبژاردن ئەو کەسانە هەڵدەبژێرن کەنوێنەرایەتیان دەکەن"[(1)].

فەرهەنگی (الوسيگ) پێناسەی دەکات بەوەی کەبریتیە لە:" گرتنەبەری رێکاری یاسایی کەسیستەمەکەیی و شوێنەکەیی و کاتەکەیی لەدەستور یاخود لائیحەکەیەکدا دیارکراوە. لەسەر ئەم بنەمایەش کەسێك یا کۆمەڵە کەسێك بۆ سەرۆکایەتی یان بۆ ئەندامبوون لەئەنجومەنێك یان سەندیکایەك یان کۆڕبەندێك یان هاوشێوەکانی ئەمانە هەڵدەبژێردرێن"[(2)].

(دانك)نیش دەڵێت:"هەڵبژاردن ململانێیەكە بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆست لەدامەزراوەیەكداو، لەسەر بنەمای ئاراستەكانی بیركردنەوەی كۆمەڵە خەڵكێك بونیادنراوە كە لەڕێگەی سندوقەكانی دەنگدانەوە گوزارشتی لێدەكەن. نمونەی ئەم جۆرە ململانێیە وادەكات ئەوانەی كە پۆست بەدەستەوە دەگرن بخاتە بەردەم لێپرسینەوەوە، ئەگەریش پێویست بكات ڕێگاگەلێك دەخاتە بەردەم دەنگدەران بۆ لادانیان و هەڵبژاردن و دانانی كەسیانی دیكە لەشوێنیان"[3].

(كۆلن)یش بەشێویەكی كورت پێناسەی هەڵبژاردن دەكات و دەڵێت:" بریتیە لە پرۆسەیەك یان كردارێك بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرێك یان كۆمەڵە نوێنەرێك"[4].

(عبدولغەنی بەسیونی)ش پێی وایە هەڵبژاردن:" میكانزمێكی سەرەكیە بۆ پێدانی دەسەڵات لەسیستەمە دیموكراسیە هاوچەرخەكاندا ئەمە لەلایەك و، بەدیهێنانی بەشداری سیاسی بۆ تاكەكانی گەل لەلایەكی دیكەوە"[5].

هەندێكی دیكە لەنوسەران پێیان وایە كەهەڵبژاردن: " دەسەڵاتێكە بەگوێرەی یاسا دراوەتە هاوڵاتیان تاوەكو لەڕێگەی نوێنەرایەتیەوە بەشداری لەژیانی گشتیدا بكەن، واتە لەڕێگەی گوزارشتكردنەوە لەئیرادەی خۆیان لەوەی پەیوەستە بەدیاریكردنی فەرمانڕەواكان و، بەڕێوەبردنی كاروباری فەرمانڕەوایی"[6].

كەواتە هەڵبژاردن میكانیزمێكی كردارەكییە لەڕێگەیەوە كۆمەڵێك هەڵدەبژێردرێن و، پرۆسەی بڕیار دروستكردن و داڕشتنی سیاسەتی گشتی دەوڵەتیان پێدەسپێردرێت. بێگومان ئەم پرۆسەیە بەپێی سیستەمی سیاسی دەوڵەت و یاسای ڕێكخستنی هەڵبژاردن شێوازی جۆراجۆر لەخۆدەگرێت[7]. هەڵبژاردنیش لەسەر ئاستی نەتەوەیی دوو مەبەستی گرنگی هەیە. مەبەستی یەكەم: بۆ هەڵبژارادنی سەرۆكی حكومەت یان دەسەڵاتی جێبەجێكردن و سیاساتی گشتییە كەحكومەت دەیگرێتەبەرو جێبەجێكردنی لەئەستۆ دەگرێت. مەبەستی دووەمیشی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران یان دەستەی یاسادانانە كە بەئەركی یاسادانان و سەپاندنی باج و چاودێری و لێپرسینەوە لەكارەكانی حكومەت لەبری گەل لەئەستۆ دەگرن[8]. كەواتە هەڵبژاردن ئەوە ڕووندەكاتەوە كەدەسەڵاتی سیاسی متمانەو ڕەوایەتی خۆی لەگەلەوە وەردەگرێت و هەر گەلیشە مافی لێوەرگرتنەوەی ئەو متمانەو ڕەوایەتییەی لێی هەیە.

لەهەموو ئەو پێناسەو بۆچوونانەی سەرەوە دەربارەی هەڵبژاردن دەتوانین بڵێین كەهەڵبژاردن پرۆسەیەكە ڕێكارەكانی و شێوازەكانی و سیستەمەكانی و ڕێكخستنەكانی لەدەستورو یاساكانی تایبەت بەهەڵبژاردندا دیاریكراوە بۆ دەستنیشانكردن و هەڵبژاردنی باشترینی ئەو كەسانەی كەخۆیان بۆ پۆستە گشتیەكان و بەڕێوەبردنی كاروباری گشتی حوكمڕانی كاندیدكردووە لەڕێگەی گەلەوە تاوەكو نوێنەرایەتیان بكەن. هەڵبەتە ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەستە هەڵبژاردنی گشتیە، واتە ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەدەستەی دەنگدەرانەوە هەیە. بێگومان ئەم دەستەیەش بەگوێرەی بارودۆخی وڵاتان و ڕادەی پێشكەوتنیان لەڕووی فەراهەمكردنی كەشی دیموكراسی و دەسەبەركردنی ماف و ئازادیە گشتیەكانەوە، هەروەها لەڕووی یاسایی و ئەو سنورەی یاسای دەستووری دیاریكردووە وەك مەرج لەسەر ئەو هاوڵاتیانەی تواناو مافی بەشداریكردنی سیاسیان هەیە، دەگۆڕێت. مەبەستیش لەدەستەی دەنگدەران كۆی ئەو هاونیشتیمانیانە دەگرێتەوە كەمافی بەشداریان لەهەڵبژاردنەكاندا هەیە، هەروەها كۆی ئەو مەرجانەش كە بەگوێرەی یاسا دەبێت لەهەر دەنگەدەرێكدا هەبێت[9]. بۆ نمونە لەیاسای هەڵبژاردنی عێراقدا چوار مەرجی سەرەكی دیاریكردووە كەدەبێت لەدەنگدەردا هەبێت ئەوانیش[10]: 1- دەبێت ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت. 2- خاوەن ئەهلیەتی تەواوەتی بێت. 3- تەمەنی (18)

ساڵی پڕکردبێتەوە. 4- ناوی لەتۆماری دەنگەدراندا هەبێت. لەیاسای ژمارە(1) ساڵی (1992) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراقیدا تەنها دوو مەرج دیاریکراوە ئەوانیش: 1- دەبێت هاولاتی کوردستانی بێت. 2- تەمەنی (18) ساڵی پڕکردبێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە دەبینین کەهەردوو یاسای هەڵبژاردنی عێراق و کوردستانی تارادەیەکی باش لەم رووەوە لە پرنسیپەکانی دیموکراسی نزیکبوەتەوە ئەمەش لەو روانگەیەوە کەمافی دەنگدان مافێکی گشتیەو، هەموو ئەو هاولاتیانەی ئەو مەرجانەیان تیادا هەبێت دەتوانن بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکەن. کەواتە هەڵبژاردنی گشتی یان سیاسی ئەو دەسەلاتەیە کە یاسا بەو هاولاتیانە دەیبەخشێت کەدەستەی دەنگدەران پێکدەهێنن و بەشداری لەژیانی سیاسیدا دەکەن بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان لەرێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیانەوە[11].

**دووەم: سروشتی یاسایی هەڵبژاردن**

لەنێوان زانایانی زانستی سیاسی و یاسای دەستوریدا کۆدەنگیەك نییە لەسەر ئەوەی ئایا هەڵبژاردن چ جۆرە سیفەت و تایبەتمەندیەکی یاسایی وەرگرێت؟ واتە ئایا هەڵبژاردن ئەرکە؟ یاخود مافێکی تایبەتی تاکە؟ یاخود هەردوکیانە؟ یاخود دەسەلاتێکی یاساییە یان مافێکی گشتیە؟[12] بەلام وێڕایی ئەم جیاوازییە لەبۆچونی زانایانی بوارەکەدا، لەئەنجامی پراکتیزەکردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن لەولاتانی دونیاو، دواتر لێکەوتنەوەی ئەنجامی جیاواز جیاوازو دەرکەوتنی لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی ئەو بۆچوونە یاسایی و هزری و سیاسیانەی زانایانی بوارەکە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەهەڵبژاردن دەسەلاتێکی یاساییە کە بەپێی یاسا دەدرێتە دەنگدەر بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی نەك بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی. بەم شێوەیە، چونکە هەڵبژاردن دەبێتە دەسەلاتێکی یاسایی بابەتی ئەوکات دەتوانرێت مەرجەکانی ئەم یاسایە بەگوێرەی بەرژەوەندیە گشتیەکانی کۆمەڵگا هەموارابکرێت و سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە. لەم بارەیەوە (عصام دبس) دەڵێت: "دەستورو یاسای هەڵبژاردن بەتەنها هەردووکیان دەتوانن ناوەڕۆکی ئەم دەسەلاتەو مەرجەکانی بەکارهێنانی دیاری بکەن. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەوا یاسادانەر دەتوانێت بەپێی خواستەکانی بەرژەوەندی گشتی مەرجەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەمواربکاتەوە"[13]. کەواتە هەڵبژاردن دەسەلاتێکی بڕیاردراوە لەپێناو کۆمەڵگا بەگشتی نەك تاکەکان. لەبەرئەوەش کە هەڵبژاردن لەناوەندێکی بابەتیەوە سەرچاوە دەگرێت ئەوا یاسادانەر لەهەموو کاتێکدا دەسەلاتی هەموارکردنی ناوەڕۆکەکەیی و مەرجەکانی هەیە[14]. بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارە بابەتی و یاسایی و سیاسیەکانی ناو سیستەمە سیاسیەکان، ناوەندە هزری و یاساییە مۆدێرنەکان بەو ئاراستەیدا دەچن کەهەڵبژاردن دەسەلاتێکی یاساییەو لەهەناوی یاسا دانراوەکانەوە دەردەچێت. ئەمەش لەهەموو بۆچوونەکانی دیکەی تایبەت بەم پرسە لەبارترو گونجاوترە.

**سێیەم: سیستەمەکانی هەڵبژاردن**

لەگەڵ پێشکەوتنی سیستەمەکانی دەنگدانی گشتی و دەرکەوتنی پارتە سیاسیەکان چیتر پارلەمان وەك دەستەیەکی ئەبستراکت (مجرد) بەنوێنەری نەتەوە نەمایەوە، بەڵکو پێویست بوو پارلەمان ببێتە شوێنی رەنگدانەوەی تێکڕای هاولاتیان بەهەموو جیاوازی و بەرژەوەندیە جیاجیاکانیانەوە. ئەم کردەیەش نەچووە بواری پراکتیکەوە تەنها لەرێگەی سیستەمەکانی هەڵبژاردنەوە نەبێت کەبواری رەخساند بۆ ئەوەی نوێنەرانی هەموو دەستەو چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بگەنە پارلەمان و، لەوێ گوزارشت لەو هەموو جیاوازییە بکەن و ماف و ئەرکەکانیان دیارییکەن و بپارێزن. لێرەوە

تێبینی ئەوە دەکرێت کەسیستەمەکانی هەڵبژاردن لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە لەیەکەیەکی سیاسیەوە بۆ یەکەیەکی سیاسی دیکەو بەپێی بارودۆخی تایبەتیو پرۆسەی پێشکەوتنی مێژوویی و سیاسی و سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو رادەی فەراهەمبوونی دیموکراسیو پێشکەوتنی لایەنی ژیاریو کلتوریانەوە جیاواز دەبێت.

بێگومان لەوڵاتانی دونیادا ژمارە گەلێکی زۆری سیستەمی هەڵبژاردن پەیڕەودەکرێت کەدەکرێت لەچوار چێوەی (12) سیستەمدا کۆیان بکرێنەوە. زۆرینەی ئەم سیستەمانەش دەکەونە چوارچێوەی هەر سێ خێزانە سەرکیەکەی هەڵبژاردنەوە ئەوانیش: (سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە، سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، سیستەمی تێکەڵاو)[15]. بۆ پۆلێنکردنی سیستەمەکانی هەڵبژاردنیش هەمیشە پشت بەچۆنێتی کارکردنی هەریەك لەو سیستەمانە بەستراوە بۆ ئەژمارکردنی ئەو دەنگانەی کەلایەنو لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن بەدەستی دەهێنن بۆ پڕکردنەوەی کۆرسیەکانی پارلەمان[16]. لەراستیدا باسکردنی سیستەمەکانی هەڵبژاردن بەگشتی لەتوانای ئەم توێژینەوەیدا نییە، چونکە پێویستی بەلێوردبونەوەو شیکردنەوەی زۆر هەیە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە خزمەت بەهێڵە گشتیەکانی توێژینەوەکە ناکات. بۆیە لێرەدا تەنها باسی ئەو سیستەمانەی هەڵبژاردن دەکەین کە لەهەڵبژاردنە گشتیەکانی هەرێمی کوردستاندا پەیڕەوکراوە. ئەوانیش بریتنین لە: 1- سیستەمی هەڵبژاردنی گشتی نهێنیو راستەوخۆ[17]. 2- سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی لەگەڵ پەیڕەوکردنی رێگەی زۆرترین دەنگی ماوە[18]. 3- بازنەکانی هەڵبژاردنو لیستی داخراو وکراوەو نیمچە کراوە[19].

**1- دەنگدانی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، نهێنیو ئاشکرا**

مەبەست لەدەنگدانی راستەوخۆ (Direct Election) ئەوەیە کەدەنگدەران خۆیان هەڵدەستن بەهەڵبژاردنی نوێنەران یان فەرمانڕەوایان لەنێوان کاندیدە جیاوازەکاندا بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەپێی ئەو بنەماو رێسایانەی کەیاساکانی هەڵبژاردن دیاریکردوون بەبێئەوەی کەسانی دیکە لەجیاتی دەنگدەر بەم کارە هەستن. لەراستیدا ئەم سیستەمە زیاتر لەگەڵ دیموکراسیدا پێکدێتەوەو دەگونجێت، چونکە پانتایەکی زۆری ئازادی دەبەخشێتە دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەو فەرمانڕەوکانیان. بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کەدەنگدانی راستەوخۆ پێویستی بەوە هەیە کەدەنگدەران لەئاستێکی باشی هۆشیاریو پەروەردەی سیاسیدا بنو خاوەن رۆشنبیریەکی ئەوتۆبن کەتواناداریان بکات لەوەی کەسانی باشو شیاوی خۆیان بۆ دەسەڵات هەڵبژێرن[20].

هەرچی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆیە(Indirect Election) ئەوەیە کەدەنگدەر بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەئەرکی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان یاخود فەرمانڕەوکانیان هەڵناسن، بەڵکو لەرێگەی دەستەیەکی هەڵبژێردراوەوە بەم کارە هەڵدەستن[21]. جێی ئاماژەیە کە تا پلەی دەنگدان زیاتر بێت زیاتر وڵات لەدیموکراسی راستەقینە دوور دەکەوێتەوە. هەر لەبەرئەوەیە زۆرێك لەوڵاتان پەیڕەوی سیستەمی هەڵبژاردنی راستەوخۆ دەکەن چونکە زیاتر لەدیموکراسی راستەقینە نزیکەو زۆرترین ئازادیش بەدەنگدەر دەبەخشێت لەهەڵبژاردنی نوێنەرو فەرمانڕەواکانیان. ئەمە جگە لەوەی ئەم سیستەمە وا لەدەنگدەران دەکات گرنگی زیاتر بەهەڵبژاردن بدەنو هەست بەو بەرپرسیارێتیەش بکەن کەدەکەوێتە سەرشانیان. هەرێمی کوردستان لەیاسای ژمارە(1)ساڵی (1992) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان عێراق پەیڕەوی لەم سیستەمە کردووە.

مەبەستیش لەدەنگدانی نهێنی ئەوەیە کەدەنگدەر بەشێوەیەکی نهێنی دەنگی خۆی بەو کاندیدە دەدات کەهەڵیدەبژێرێ لەوێستگەیەکی دەنگداندا بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك چاودێری بکاو بزانێت دەنگی بەکێداوە. ئەم جۆرە دەنگدانە زیاتر لەگەڵ بەهاو پرنسیپەکانی دیموکراسیدا دەگونجێت، چونکە سەربەستیەکی دەروونیو جەستەیی زیاتر بۆ دەنگدەر فەراهەمدەکاتو ڕێگانادات کاریگەریە دەرەکیەکان ڕەنگدانەوەی لەسەری هەبێتو بیخاتە ژێر چاودێریو هەڕەشەوە. هەرچی دەنگدانی ئاشکرایە ئەوەیە کەدەنگدەر بەشێوەیەکی ئاشکرا دەنگی خۆی بەو کاندیدە دەدات کەهەڵیدەبژێریو ئەندامانی لیژنەی هەڵبژاردن دەزانن دەنگی بەکێ داوە. لایەنگرانی ئەم سیستەمە پێیان وایە ئەم جۆرە دەنگدانە هەستی بەرپرسیارێتی لای دەنگدەر بەهێزدەکاتو راشکاوترو بوێرتری دەکات. بەڵام لەراستیدا ئەگەر ئەمە بۆ ئەو دەوڵەتانە راستبێت کە گەیشتوون بە پلەیەکی باش لەفەراهەمکردنی ئازادی سیاسیو پاراستنی مافەکانی تاكو ئازادیەکانیان ئەوا بۆ ئەو وڵاتانەی کەهێشتا پایەکانی دیموکراسی تیایاندا نەچەسپیوە دەبێتە مایەی هەڕەشەو مەترسی بۆ سەر دەنگدەر چی لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە بێت یاخود لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بێت کەتۆڵەی ئەوە لێبکەنەوە دەنگی پێنەداون. بۆیە زۆربەی شارەزایانی بواری سیستەمی سیاسیو یاسای دەستوری دەنگدانی نهێنی بەباشتر دەزاننو جەخت لەسەر گرنگیو بایەخی گەورەی دەکەنەوە.

## 2- هەڵبژاردن بەسیستەمی زۆرینەو هەڵبژاردن لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی

لەبەرئەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پەیڕەو کردووە لێرەدا زیاتر باسی ئەم شێوازەی هەڵبژاردن دەکەین نەك هەڵبژاردن بەسیستەمی زۆرینە. بەشێوەیەکی خێرا دەتوانین ئاماژە بەم سیستەمەی دواییان بکەین کەبریتیە لەوەی کە کاندید سەردەکەوێت لەرێگەی بەدەستهێنانی زۆرینەی ئەو دەنگە راستەقینانەی کەبەشداری هەڵبژاردنیان کردووە، واتە ئەگەر کاندیدێك یان لیستێك زۆرینەی دەنگە راستەقینەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردنی بەدەستهێنا لەسیستەمی دەنگدانی تاکە کەسیدا ئەوا براوەو سەرکەوتوو دەبێت. ئەمەش مانای وایە کەئەم سیستەمە دەکرێت بەشێوازی دەنگدانی تاکەکەسی یاخود بەشێوازی لیست ئەنجامبدرێت. بۆ ئەژمارکردنی ئەم زۆرینەی دەنگانە دوو ڕێگا پەیڕەو دەکرێت. ڕێگای یەکەم: سیستەمی زۆرینەی ڕەها، واتە بەدەستهێنانی نیوەی دەنگەکان زیاتر. ئەگەریش هیچ کاندیدێك یان لیستێك نەیتوانی ئەم ڕێژەیە بەدەستبهێنێت ئەوا خوولی دووەمو سێیەمی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێتەوە. ڕێگای دووەم: سیستەمی زۆرینەی ڕێژەیی، لەم سیستەمەدا ئەگەر کاندیدێك یاخود لیستێك زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا ئەوا براوە دەبێت[22].

هەرچی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییە ئەوا بریتیە لەو سیستەمەی کەهەڵبژاردن تیایدا لەسەر بنەمای لیست دەبێت، واتە ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە لەسەر شێوازی تاکەکەسیو لیست بێت ئەوا ئەم سیستەمە بەتەنها لەگەڵ هەڵبژاردن بەشێوازی لیست ئەنجام دەدرێت[23]. ناوەڕۆکی ئەم سیستەمە ئەوەیە کە کورسی نوێنەرایەتی دابەشدەکرێت بەسەر لیستو پارتەکاندا بەگوێرەی ئەو دەنگانەی کە هەریەك لەو لیستو پارتانە لەکێبڕکێی هەڵبژاردندا بەدەستی هێناوە[24].واتە لەم سیستەمەدا هەر لیستێك بەگوێرەی قەبارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیهێناوە کورسی پارلەمانی بەردەکەوێت، ئەمەش پێچەوانەی سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینەیە کە بەتەنها لیستێك یاخود کاندیدێك دەبێتە براوەی هەڵبژاردن. بێگومان پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە گەرەنتیو قازانجی زۆری بۆ حزبە بچوکەکانو کەمە نەتەوایەتیو

ئاینیەکانی ناو وڵات هەیە چونکە بەگوێرەی سەنگو ژمارەی دەنگی خۆیان نوێنەریان لە پارلەمانو ئۆرگانەکانی دیکەی دەوڵەتدا دەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم سیستەمە کار لەسەر ئەوە دەکات کەخۆی لەئەنجامە خراپەکانی سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە دووربخاتەوەو وابکات دەستەیەکی یاسادانانی ئەوتۆ بهێنێتە کایەوە کەهاونیشتیمانیان رەنگو دەنگی خۆیانی تێدا ببیننەوەو ببیستن. لەدیموکراسیە تازە دروستبوەکاندا بەتایبەتی ئەوانەی رووبەڕووی دابەشبوونو پەرتەوازەیی کۆمەڵایەتی توند بوونەتەوە، پرسی بەشداری هەموو چینو دەستەو گروپو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان مەرجێکی یەکلایکەرەوەیە بۆ پاڵپشتی سیستەمی دیموکراسی. لەم سیستەمە ئەگەر هەلی راستەقینە بۆ هەموو کەمایەتیەکانی ناو دەوڵەتو تەنانەت زۆرینەش دەستەبەر نەکرێت لە پرۆسەی بڕیار دروستکردنو نوێنەرایەتی ناو سیستەمی سیاسی ئەوا چاوەڕوانی دەرئەنجامی خراپو کارەستباری لێدەکرێت[25]. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم سیستەمە ئەم نموونەیە دەخەینە روو: ئەگەر لەبازنەیەکی هەڵبژاردندا (10) کورسی پارلەمانی بۆ تەرخانکرابێتو سێ لیستیش بەشداربن: ئەگەر لیستی یەکەم (50٪) کۆی دەنگەکانی ئەو بازنەیە بەدەستهێناو، لیستی دووەمیش (30٪)و، لیستی سێیەمیش (20٪)، ئەوا لیستی یەکەم (5) کورسیو، لیستی دووەم (3) کورسیو، سێیەمیش (2) کورسی پارلەمانیان بەردەکەوێت. بەڵام ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە بەسەر ئەم نموونەیەدا پەیڕەوبکرێت ئەوا لیستی یەکەم سەرجەم کورسیەکانی پارلەمان بۆ خۆی دەباتو دوو لیستەکەی دیکە لێی بێبەشدەبن.

سیستەمی نوێنەرایەتی ریژەیی لەئاستی پراکتیکیدا دەتوانێت کار بەسێ جۆر لیست بکات ئەوانیش لیستی (کراوە- نیمچە کراوە- داخراوە). لە لیستی داخراودا دەنگدەر تەنها دەنگ بە هێزە سیاسیەکەو لیستەکەی دەدات بەبێئەوەی هیچ رۆڵێکی لەدیاریکردنی ناوی کاندیدەکاندا هەبێت. سەبارەت بەلیستی نیمچە کراوەش ئەوا دەنگدەر هەرچەندە ئازادیەکی رەهای لەدەنگداندا نییە، بەڵام لەپاڵ دەنگدان بەلیستی قەوارە سیاسیەکە دەشتوانێت لەناو ریزبەندی کاندیدەکاندا کەسی کاندید دیاری بکات. هەرچی لیستی کراوەشە ئەوا دەنگدەر سەربەستیەکی تەواوی هەیە لەوەی کە پابەندنەبێت بەلیستێکی دیاریکراوە، بەڵکو خۆی لیستێك دروست دەکاتو بەگوێرەی ئاستی رۆشنبیریو بیروبۆچوونی سیاسی خۆی ناوی کاندیدەکانی تیادا دیاریدەکات[26].

دابەشکردنی کورسیەکانی نوێنەرایەتی لەم سیستەمەدا بەدوو رێگەی سەرەکی دەبێت: رێگەی یەکەم: نوێنەرایەتی رێژەییە لەسەر ئاستی دەوڵەتو نوێنەرایەتی رێژەییە لەسەر ئاستی ناوچەیی. کاتێکیش دەوترێت نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی ناوچەیی یان بازنەی هەڵبژاردن مانای وایە کەنوێنەرەکان بەتەواوەتی نوێنەرایەتی ناوچەی دەنگەکانیان دەکەن. لەرووی پراکتیکیشەوە ئەم شێوازە بەم رێگایە خوارەوە دەبێت:

- نوێنەرایەتی کردن بەگوێرەی کۆڵکەی هەڵبژاردن (القاسم الانتخابی)[27]: بریتیە لەدابەشکردنی ژمارەی دەنگەکانی هەڵبژاردن بەسەر ژمارەی کورسیەکانی بازنەکەدا. بۆ نمونە گریمان لەبازنەیەکی هەڵبژاردندا (3) لیستی هەڵبژاردن هەیەو کێبڕکێ لەسەر (5) کورسی پارلەمانی دەکەنو ژمارەی تەواوی ئەو دەنگانەش لەو بازنەدا دراوە (80) هەزار دەنگە. کۆڵکەی هەڵبژاردن بەم شێوەیە دەبێت: 80000÷5= 16000 دەنگ. ئەگەر وا دابنێین کە: لیستی ژمارە یەك (36) هەزار دەنگی بەدەستهێناوە. ژمارە دوو (34) هەزار، لیستی ژمارە سێش (10)هەزار دەنگی بەدەست هێناوە. ئەوا

كورسيەكان پارلەمان بەگوێرەی كۆڵكەی هەڵبژاردن بەم شێوەیە دەبێت: ليستی ژمارە يەك (2) كورسی+ (4)هەزار دەنگی ماوە. ليسی ژمارە دوو (2) كورسی+ (2)هەزار دەنگی ماوە. ليستی ژمارە سێش (سفر) كورسی+(10) دەنگی ماوە. بەڵام بەم دابەشكردنە كۆی گشتی كورسيەكان دەكاتە (4) كورسی، كەچی بازنەی هەڵبژاردنەكە (5) كورسی بۆ تەرخانكراوە كەواتە كورسيەك ماوەتەوە. بۆ دابەشكردنی ئەم كورسيە ماوەيە دوو ڕێگای سەرەكی هەيە كە پەيڕەوكردنی هەريەكەيان كارێگەری بەرچاوی لەسەر دەرئە نجامی هەڵبژادنەكان دەبێت.

ڕێگەی يەكەم: گەورترين دەنگی ماوە: بەگوێرەی ئەم ڕێگەيە كورسيە ماوەكان دەدرێت بەو ليستەی كە گەورەترين دەنگی ماوەی هەيە. ئەگەر هەر نمونەی سەرەوە وەربگرينەوە ئەوا بەم ڕێگەيە كورسيە ماوەكە دەدرێت بە ليستی ژمارە سێ چونكە خاوەن گەورەترين دەنگی ماوەيە.

ڕێگەی دووەم: ڕێگەی گەورەترين تێكرا (ناوەندژمێری): بە پێی ئەم ڕێگەيە هەموو ليستێكی هەڵبژاردن كورسيەكی خەياڵی پێدەدرێت، واتە ژمارەی كورسيە سەركەوتووەكانی ئەو ليستە+كورسيەكی زيادە. لێرەدا كورسی بەتاڵ ئەو ليستە دەبيات كە دەبێتە خاوەن گەورەترين تێكرا. لەراستيدا ئەم ڕێگايە زياتر لەبەرژەوەندی پارتو ليستە گەورەكاندايە[28]. ئێستا گەر نمونەی پێشوو بەكاربهێنينەوە ئەوا دەبينين كە: ليستی ژمارە يەك 2كورسی+ 1 كورسی زيادە= 3 كورسی بەرامبەر بە (36) هەزار دەنگی واتە بەتێكڕای (12) هەزار دەنگ بۆ هەر كورسيەك. ليستی ژمارە دوو 2 كورسی+ 1 كورسی زيادە= 3 كورسی بەرامبەر (34)هەزار دەنگ واتە بەتێكڕای (11,3) بۆ هەر كورسيەك. ليستی ژمارە سێ سفر كورسی+ كورسيەكی زيادە=1 كورسی بەرامبەر (10) دەنگ واتە (10)هەزار دەنگ بۆ هەر كورسيەك. بەم ڕێگەيە ليستی ژمارە يەك لەبەرئەوەی خاوەن گەورەترين ناوەندژمێرييە كورسيە ماوەكە بۆ خۆی دەبات و ژمارەی كورسيەكان دەبێت بەچوار كورسی.

بێگومان ڕێگەی ديكەش هەيە بۆ چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵ دابەشكردنی دەنگەكانی هەڵبژاردن وەك ڕێگای (هۆنت)و ڕێگای (هارا-نێمير)[29].

ئەوەش تايبەتە بەنوێنەرايەتی كردن لەسەر ئاستی گشتی دەوڵەت بريتيە لەنوێنەرايەتی ڕێژەيی تەواو، لەم ڕێگەيەدا كورسيەكانی پارلەمان لەنێوان ئەو ليستانەی كێبڕكی هەڵبژاردن دەكەن لەسەر بنەمای دەنگە بەدەستهاتووەكانيان لەسەر ئاستی گشتی وڵات دابەشدەكرێت، بەم شێوەيە هەر ليستێك لەسەر ئاستی گشتی وڵات چەند دەنگی بەدەستهێنابێت دابەشدەكرێت بەسەر كۆی ژمارەی كورسيەكانی پارلەمانی وڵاتدا، ئەگەريش ليستێك ماوەی دەنگی هەبوو ئەوا بەگوێرەی يەكێك لەشێوازەكانی پێشوو چارەسەردەكرێت[30]. ئەم ڕێگە لەرووی پراكتيكيەوە لەهەڵبژاردنە گشتيەكانی پارلەمانی كوردستاندا بەكاردەهێنرێت.

لەكۆتايدا دەتوانێن بڵێن كەسيستەمی نوێنەرايەتی ڕێژەيی نزيكترە لەبەهاو پرنسيپەكانی ديموكراسيەوە بەوەی كە ڕێگای جۆراو جۆرو لەباری هەيە بۆ پيادەكردنی مافی هەڵبژاردن لەلايەن هاوڵاتيانەوەو، هەروەها دۆزينەوەی دادپەروەریو يەكسانی لەمافی هاوڵاتيانو نێوان پارتە سياسيەكانيشدا. ئەمە جگە لەوەی ناهێڵێت لەناو پارلەمان ديكتاتۆریو خۆ سەپاندن دروست بێت، چونكە حزبو ليستە بچوكەكانيش بەگوێرەی دەنگەكانی خۆيان نوێنەريان لەپارلەمان دەبێتو دەشتوانن لەرێگەی دروستكردنی ليستی ئۆپۆزسيۆنەوە لەناو پارلەماندا خۆيان بسەلمێنن. ئەمەش

واته تەواوی گەل بەهەموو فرەییە نەتەوەییو ئاینیو سیاسیو جوگرافیو تایفیو زمانییەوە دەتوانن لەرێگەی نوێنەرەكانیانەوە لە پارلەماندا دەنگو سەنگی خۆیان هەبێت.

**چوارەم: پەیوەندی نێوان هەڵبژاردنو دیموكراسی**

لەراستیدا هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایانو دەسەڵاتداران لەلایەن گەلەوە بەشێوەیەكی ئازادانەو، رەخساندنی بواری بەشداری بۆ زۆرترین چینو توێژەكانی كۆمەڵگا بۆ گوزارشتكردن لەئیرادەی خۆیان زادەی دەركەوتنی هزری مۆدێرنە، واتە بەرهەمی دەركەوتنی ئەو پرنسیپانەی دیموكراسیە كە گەل نەك هیچ لایەنو گروپێكی سیاسی یانی ئاینی یان بازرگانی دەكاتە خاوەن سەروەریو دەسەڵاتەكان. بەمانایەكی دیكە دەتوانین بڵێین كە لەئەنجامی ئەو پێشكەوتنە فكریو سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتیە مەزنانەوە كە لەسەردەمی مۆدێرنەدا هاتنەكایەوە ئەو بیرۆكەیە سەریهەڵدا كەچیتر خودا یان ئیمپراتۆر یان پادشا سەرچاوەی دەسەڵات نییە، بەڵكو ئەوە گەلە سەرچاوەی دەسەڵاتەكانی لێوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام خۆی ناتوانێت پیادەی ئەم دەسەڵاتانە بكات بۆیە نوێنەرەكانی خۆی هەڵدەبژێرێتو سەرپشكیان دەكات لەوەی بەناوی ئەمانەوە بڕیار دروستبكەنو پیادەی دەسەڵاتی سیاسی بكەنو كاروباری رۆژانەیان بۆ رێكبخەن. بێگومان ئەم پێبەخشینەی دەسەڵاتیش بەئەوانەی پایەكانی دەسەڵاتیان لەدەستە بەتەنها لەرێگەی هەڵبژاردنەوە دەبێت. ئەوەش روونە كە هەڵبژاردنیش بەبێ بوونی كەشێكی دیموكراسی لەبارو باش ئامانجی نابێت. لێرەوە دیموكراسیو هەڵبژاردن دەبن بەدوو خواستی سەرەكی هەموو كۆمەڵگایەك كەبیەوێت پێشبكەوێت بگاتە رادەیەكی باش لەگەشەی سیاسیو ئابووریو سەقامگیری سیاسیو سەربازی.

كەواتە پەیوەندی نێوان هەڵبژاردنو دیموكراسی پەیوەندیەكی پێكەوبەستراو وپێویستە، هەردوكیان پێكەوە بەرجەستەكەری ئیرادەی گەلن. دیموكراسی بەبێ هەڵبژاردن بوونی نیە، بەڵكو دەرگای چوونە ژوورەوەی دیموكراسی هەڵبژاردنە، بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت كەهەڵبژاردن خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە، لەهەمانكاتیشدا بوونی هەڵبژاردن بۆ خۆی ئاماژە نییە لەسەر دیموكراسیبوونی دەسەڵاتێك، واتە هەركات پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو ئیتر ئەوە دەسەڵاتێكی دیموكراسە. چەندین نمونەی مێژووی هەیە كەئەنجامدانی هەڵبژاردن نەك نەبووە مایەی هێنانە كایەوەی دیموكراسیو بەرقەراركردنی، بەڵكو سەریكێشا بۆ بەرهەمهێنانی تۆتالیتارترین دەسەڵات لەمێژووی نوێدا وەك فاشیزمو نازیزم[31]. ئەمەش مانای وایە كەسندوقەكانی دەنگدان بەتەنها بەس نییە بۆ گوزارشتكردن لەئیرادەی گەل، چونكە دیموكراسی بەتەنها لەلایەنی سیاسیدا قەتیس نابێت، بەڵكو لایەنی كلتوریو فەرهەنگیش دەگرێتەوە. بۆیە گەر دیموكراسی نەبێتە مایەی هێنانەدی كەمترین رادەی دادپەروەری كۆمەڵایەتی، ئەوا دیموكراسیەكی كەموكورتە. بەگوتەی (رۆبێرت دال) دیموكراسی دەبێت كۆمەڵێك ئەنجامی شیاوو باش بهێنێتە ئاراوە لەوانە[32]: 1- دوورخستنەوەی ستەمكاری. 2- دەسەبەركردنی مافە بنەڕەتیەكان. 3- فەراهەمكردنی ئازادیە گشتیەكان. 4- خود بەدیهێنان. 5- بەرپرسارێتی ئەخلاقی. 6- پاراستنی بەرژەوەندیە بنەڕەتیە تایبەتیەكان. 7- یەكسانی سیاسی. 8- گەشەپێدانی مرۆیی. 9- بەدیهێنانی ئاشتیو ئارامی. 10- خۆشگوزەرانی.

لێرەوە لەوە تێدەگەین كەدیموكراسی تەنها هەڵبژاردن ناگرێتەوە، بەڵكو هەڵبژاردن تەنها دیوێكە لەدیوەكانی دیموكراسی. هەڵبژاردنیش هیچ بایەخێكی نابێت ئەگەر ئەنجامی نەبێت، واتە گەر نەبێتە مایەی دووبارە دابەشكردنەوەی

دەسەلات لەنێوان هێزە سیاسیە رکەبەرەکاندا بەشێوەیەکی ئاشتیانەو لەسەر بنەمای یاسا، دەستاو دەستکردنی دەسەلاتو قبوڵکردنی یەکتری و، هەروەها دانان بەشکستو سەرکەوتن و رازیبوون پێی و سەقامگیری سیاسی، ئەوا تەنها دەبێتە گەمەیەکی سیاسی و دەسەلاتداران بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریدێنن.

شێوەی سیستەمی حوکمڕانی هەرچەندە باش و پێشکەوتوو بێت بەسیستەمێکی دیموکراسی دانانرێت گەر بەرپرسەکانی کە پایەکانی حوکمڕانیان لەدەستە بەشێوەیەکی ئازادنە لەلایەن گەلەوە هەڵنەبژاردرابێتن. هەرچۆنێك بێت هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دیموکراسی لەئێستادا پێگەیەکی گەورەی هەیە لەناو سیستەمە پێشکەوتووەکاندا. هەڵبژاردنیش بەشێوەیەکی دیموکراسی ئەنجامنادرێتو دەرهاوێشتەی پۆزەتیڤی نابێت گەر پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و جەماوەردا نەبێت، هەروەها پێویستیەکی دیکە بریتیە لەتواناداركردنی هاولاتیان لەپرۆسەی بڕیار دروستکردنی سیاسی و بەرقەرارکردنی سەروەری یاسا[33].

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانێن بڵێین کە مادام خواستی سەرەکی هەموو گەل و نەتەوەیەك گەیشتنە بەئاستێکی شیاو لەپێشکەوتن و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و یەکسانی سیاسی و دابینکردنی ماف و ئازادیە بنەڕەتییەکان و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش و پاراستنی ئیرادەو تواناو گوزارشتکردن لێی، ئەوا باشترین رێگای گەیشتن بەهەموو ئەم ئاما نجانە بەبێ بوونی دیموکراسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی بێگەردو چاك نایەتە دی. هاتنەدی ئەمانەش راستەوخۆ پەیوەندی بەشداری سیاسی هاولاتیانەوە هەیە لەپرۆسەی بڕیاردروستکردن و بەرێوەبردنی کۆمەڵگا لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندیدارە بە بەرزی ئاستی هۆشیاری سیاسی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی دەستەبژێری حوکمڕانەوە هەیە.

لەکۆتایدا ئەوە ماوەتەوە بڵێین کە هەڵبژاردن پرۆسەیەکی سیاسی دەستوریە، وەك چۆن دەکرێت ببێتە مایەی گۆڕان بەرەو دیموکراسی و بەرقەرارکردنی[34]، ئاوەهاش دەکرێت زۆرترین ململانێی سیاسی و کۆمەلایەتی لێبکەوێتەوە.

**تەوەری دووەم: هەڵبژاردنی خوولی سێیەمی پارلەمانی کوردستان**

هەڵبەتە ئەزموونی هەڵبژاردنی گشتی لەهەرێمی کوردستاندا، ئەزمونێکی تازەیەو سەرتاکانی دەگرێتەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، واتە یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردنی گشتی کە لەدوای دابینکردنی ناوچەی ئارام بۆ هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ئەنجامدراو، لەئەنجامیشدا دامودەزگا یاسایی و سیاسیەکانی هەرێم دامەزرێنران وەك حکومەتی هەرێم و پارلەمانی کوردستان. گەرچی ئەم ئەزموونە نەبویە هۆی ئەوەی کە ژیانێکی سیاسی و پرۆسەی سیاسی لەهەرێمدا بەدامەزراوەیی بکات، بەلام وەك دەسپێکێك بۆ رێکخستنی ژیانی سیاسی و سەرەتایەك بۆ چوونە ناو ئەزموونی حوکمڕانی و ئیداریەوە بایەخ و گرنگی گەورەی هەیە.

ئەوەی لەم تەوەرەدا پێویستە قسەی لەبارەوە بکەین، سێیەمین خوولی هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستانە (2009)، ئەمەش لەرێگەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

**1- هەل‌ومەرجی گشتی پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە**

پاش رووخانی رژێمی پێشووی عێراق لەساڵی (2003) دووبارە هەلێکی مێژوویی دیکەی چارەنوسساز بۆ حزب و لایەنە سیاسیەکان و هەرێمی کوردستان بەگشتی رەخسا کەدەست بەدوبارە بونیادنانەوەی ژێرخانی سیاسی و دەستوری و ئەزموونی حوکمڕانی بکەن. وێڕای ئەو بەشداری و رۆڵە گرنگانەی کەهێزو لایەنە سیاسیە کوردیەکان گێڕایان لەدووبارە

بونیادنانەوەی عێراق نوێ. لەناوخۆی هەرێمیشدا توانیان تارادەیەکی زۆر کۆتایی بەچەقبەستووی سیاسی نێوان بهێنن و قۆناغێکی دیکەی ژیانی سیاسی دەستپێبکەن. لەگرنگترین ئەو هەنگاوانە رێکخستنەوەی پارلەمان و یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی بوو کە لەئەنجامی هەڵبژاردنی خوولی دووەمی پارلەمانی کوردستانەوە دروستبوو. لەم هەڵبژاردنەدا تێکڕای پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی لیست و قەوارەی جیاجیادا بەشداریان تیادا کرد. بەڵام تەنها سی لیستی هەڵبژاردن توانیان کورسی پارلەمانی بەدەستبهێنن(*). گرنگترین خاڵی بێهێزی ئەم خولەی هەڵبژاردن نەبوونی رکەبەرایەتی و ململانێی سیاسی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان بوو، ئەوەش لەبەرئەوەی (لیستی نیشتیمانی دیموکراسی کوردستانی) زۆربەی هەرە زۆری هێز و حزبە سیاسیەکانی لەخۆگرتبوو، لەئەنجامی ئەمەشدا لەناو پارلەمانی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆنی پارلەمانی دروستنەبوو تاوەکو چاودێری و لێپرسینەوە لەکارەکانی حکومەت بکات. هەرچۆنێك بێت ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە پێکهێنانی پارلەمانی کوردستانی لێکەوتەوەو توانرا کۆتایی بەقەیرانی کاری پارلەمانی بهێنرێت دوای ئەوەی کە بەهۆی شەڕی ناوخۆیی نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)و ناسەقامگیری باری سیاسی و ئابووری و ناوخۆیی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر رۆڵی گرنگی خۆی لەدەستدابوو.

هەنگاوێکی دیکەی چارەنووسسازو گرنگی تەواوکردنی ژێرخانی سیاسی هەرێمی کوردستان داهێنانی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بوو کە یەکێکبوو لەقەیرانە گەورەکانی سیستەمی سیاسی هەرێم و لەساڵی (1992) تاوەکو (2005) ئەم پۆستە بە بەتاڵی مایەوە. پارلەمانی کوردستان لەدانیشتنی رۆژی (7حوزەیرانی2005) یاسای ژمارە (1) ساڵی (2005)ی: یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی دەرکرد[35]. لەئەنجامی دەرچواندنی ئەم یاسایەش لەرۆژی (12 حوزەیرانی2005) (مەسعود بارزانی) وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەناو پارلەمانەوە هەڵبژێردرا[36].

سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتیش، هەرچەندە هەڵبژاردن لە (31 کانونی دووەمی 2005) ئەنجامدرا، بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوان حزبە سیاسیەکانی براوەی هەڵبژاردنەکەوە بەتایبەت (ی.ن.ك) و(پ.د.ك) پێکهێنانی حکومەت بۆ ماوەی ساڵێك دواکەوت تاوەکو لە(7 ئایاری 2006) پارلەمانی کوردستان موسادەقەی لەسەر کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی[37].

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەهەندێك دەرهاوێشتەی ئەم خولەی هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان بکەین لەگرنگترینیان:

1- هەرچەندە توانرا کۆتایی بەچەقبەستووی کاری پارلەمانی بهێنرێت و حکومەتی هەرێم یەکبخرێتەوەو هەردوو کابینەی حکومەتی (هەولێرو سلێمانی) تێکەڵبکرێت و کابینەی پێنجەمی لێبکەوێتەوەو، قەیرانی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم چارەسەربکرێت، بەڵام نەتوانرا کۆتایی بەدیاردەی دوو ئیداری بهێنرێت و، ئەمجارە بەشێوەیەکی (یاسایی و شەرعی) پۆستە ئیداری و حکومیەکانی هەرێمی کوردستانیان بەیەکسانی بەسەر خۆیاندا دابەشکرد. ئەمەش بووە هۆی لاوازبونی کاری حکومەت و پارلەمانی کوردستان.

2- بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دارایی و ئیداری بەڕادەیەکی گەورە.

3- نەبوونی ململانێ و رەکەبەرایەتی سیاسی راستەقینە لەنێوان حزبە سیاسیە کاریگەرو بەهێزەکان ئەمەش لەبەر ئەو جەمسەرگیریەی کە لەناو لیستی دیموکراسی نیشتیمانیدا هەبوو.

4- زیادبوونی نوێنەرایەتی ژنان لەناو پارلەمانی كوردستان و بڕیاردان لەسەر یاسای كۆتا (25٪) بۆ ژنان[38].

5- لادانی بەربەستی هەڵبژاردنی (7٪)[39].

6- نەبوونی ئۆپۆزسیۆن لەناو پارلەمانی كوردستاندا.

7- هەرچەندە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ڕێكخراو لەماوەی ساڵانی(2005-2009) دا بەدەرنەكەوت، بەڵام ڕێگەی لەوە نەگرت جۆرێكی دیكەی ئۆپۆزسیۆنی لەناو حكومەت و هەروەها لەناوخۆی حزبەكانیشدا سەرهەڵبدا. ئەمە جگە لەراگەیاندنی ئازاد[40]. كەرۆڵی گرنگیان گێڕا لەسەر تیشكخستنە سەر كێشەكان و دەرخستنی ڕاستیەكان و ئەو گەندەڵیانەی لەناو كاری حكومەتدا هەبوون. هەموو ئەمانە بوونە هۆی دروستكردنی نارەزایی جەماوەری كەخۆی لەچەندین خۆپیشاندنی جەماوریدا بینینەوە لەماوەی نێوان (2005-2006)[41]. لەلایەكی دیكەوە لەناو حكومەتیشدا چوار حزبی بەشداری حكومەت توانیان قەوارەیەكی ئۆپۆزسیۆن پێكبهێنن و رەخنەی توند لەكارەكانی حكومەت بگرن و چەندین پرۆژەی چاكسازی بۆ باشتركردنی كاری حكومەت پێشكەشبكەن[42]. هەرچی پەیوەندی بەئۆپۆزسیۆنی ناوخۆی حزبییەوە هەیە دیارترینیان ئەو رەخنەو تێبینیانە بوو كە كەسی دووەمی ناو (ی.ن.ك) (نەوشیروان مستەفا) لەرێكخستنی حزبی و دامەزراوەكانی حكومەتی دەگرت. ئەم نارەزاییەی ئەم كەسایەتییە لەحزبەكەی و، هەروەها بەهۆی چەندین پێشهاتی گرنگ و بارودۆخی تایبەتی سیاسی و ئابووری بووە هۆی كە لە ساڵی (2006) كۆتای بەكاری سیاسی خۆی بهێنیت لەناو ریزەكانی (ی.ن.ك). پاشان توانای بزوتنەوەیەكی بنكە فراوانی جەماوەری دا بمەزرێنێت و كاریگەری بەرچاوی لەسەر ڕووداوەكانی دواتر هەبێت. ئەویش بزوتنەوەی گۆڕان بوو[43].

لەكۆتاییدا دەتوانین بڵێین كەدەرهاوێشتەكانی خولی دووەمی هەڵبژاردنی پارلەمان كاریگەری زۆری كردە سەر جوڵەو كاری پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن لەهەرێم و، دواجاریش بویە هۆی ئەوەی هەڵبژاردنی خوولی سێیەمی پارلەمانی كوردستان ئەنجامبدرێت لە ساڵی (2009) كە بەیەكێك لەهەڵبژاردنە گرنگ و پڕ بایەخەكان دادەنرێت لەو ڕووەوە كە جۆرێكی جیاوازو كاری سیاسی لەهەرێمدا لێكەوتەوە چی لەسەر ئاستی كاری پارلەمان یاخود حكومەت یاخود ژیانی سیاسی بەگشتی بێت. وەك لەتەوەری داهاتوودا باسی دەكەین.

## 2- هەڵبژاردنی خوولی سێیەم و گرنگترین دەرهاوێشتەكانی

ئەم هەڵبژاردنە بەیەكێك لەگرنگترین هەڵبژاردنە گشتیەكانی هەرێمی كوردستان دادەنرێت، چی لەڕووی بەشداری جۆرا و جۆری حزب و قەوارەی سیاسی نوێ و كاریگەرەوە بێت، چ وەك ئەو دەرهاوێشتانەی لێیكەوتەوە. هەرچەندە دەبوایە ئەم هەڵبژاردنە لە (31 كانوونی دووەمی 2009) ئەنجامبدرایە، بەڵام بەهۆی داوكەوتنی پارلەمانی كوردستان لەسەر راساندنی یاسای هەڵبژاردنەكان و دواتر دواكەوتنی دەرچواندنی چوارەمین هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی بە پێی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2009)[44] ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكە بۆ (25 تەموزی 2009) دواكەوت.

یاسای هەمواری چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی نیشتیمانی كوردستانی عێراق ژمارە (1) ساڵی (1992) هەمواركراو چەند گۆڕانكاریەكی گرنگی لەیاساكەدا كردو چەند مادەیەكی هەمواركرایەوە لەوانە: 1- كەمكردنەوەی ساڵی تەمەن لە (30) بۆ (25) ساڵی تایبەت بەكاندید[45]. 2- زیادكردنی ڕێژەی نوێنەرایەتی ژن بۆ (30٪)[46]. 3- تەرخانكرنی (5) كورسی بۆ پێكهاتەی كلدان-سریان-ئاسووری، (5) كورسی بۆ توركمان و كورسیەكیش بۆ ئەرمەن[47]. 4- ڕێگەدان

بەهاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی لەدەرەوەی هەرێم نیشتەجێن بەشداری هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستان بکەن[48]. 5- تەرخانکردنی (48) کاتژمێر پێش وادەی دەستپێکردنی هەڵبژاردن بۆ دەنگادانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆو پێشمەرگەو کارمەندی نەخۆشخانەکان و چاکسازیەکان و نەخۆشەکان و بەندکراوەکان لەبنکەی تایبەت[49].

هەڵبژاردنەکە لە (25 تەموزی 2009) بەسەرکەتوویی و بەئامادەبوونی چەندین چاودێری ناوخۆیی و دەرەکی ئەنجامدرا. بەهەمان شێوەی هەڵبژاردنی خوولی یەکەم و دووەم بەسیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی و لیستی داخراو بەرێوەچوو. سەرتاسەری هەرێمیش یەك بازنەی هەڵبژاردن بوو.

لەهەڵبژاردنەکەدا (24) لیست و پارتی سیاسی و کەسایەتی پێشبڕکێیان دەکرد لە سەر بەدەستهێنانی (111) کورسی پارلەمانی. بەڵام لەم ژمارە تەنها (11) قەوارە کورسی پارلەمانیان بەدەستهێنا. ئەوانیش: لیستی کوردستانی کەتوانی رێژەی (59.2٪) کۆی دەنگی لایەنە کوردیەکان بە پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت. لیستی خزمەتگوزاری چاکسازی رێژەی (13.2٪) کۆی گشتی دەنگەکانی بەدەستهێنا. لیستی بزوتنەوەی ئیسلامیش رێژەی (1.5٪)و لیستی ئازادیو داد پەروەری کۆمەلایەتی رێژەی (0.82٪) کۆی گشتی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

شان بەشانی هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان، پرۆسەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانیش بەرێوەچوو لەنێوان ئەوانەی خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کاندید کردبوو، لەناو کاندیدەکانی سەرۆکایەتیدا (مەسعود بارزانی) توانی بەهەڵبژاردنی راستەوخۆ لەلایەن گەلی کوردستانەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بباتەوەو رێژەی (69.60٪) کۆی گشتی دەنگە راستەقینە دراوەکان بەدەستبهێنێت.

خشتەی ژمارە (1) ئەنجامی هەڵبژاردنی خوولی سێیەمی پارلەمانی کوردستان (2009) جگە لەدەنگی کەمینەکان

| ژ | ناوی لیست و قەوارە | کۆی دەنگەکان | رێژەی دەنگە٪ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | لیستی کوردستانی | 1076370 | 57.37 | 59 |
| 2 | گۆڕان | 445026 | 23.72 | 25 |
| 3 | لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی | 240842 | 12.84 | 13 |
| 4 | بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان | 27147 | 1.45 | 2 |
| 5 | لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی | 15028 | 0.80 | 1 |
| 6 | پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان | 3473 | 0.19 | 0 |
| 7 | پارتی پارێزگارانی کوردستان | 2346 | 0.13 | 0 |
| 8 | بزوتنەوەی چاکسازی کوردستان | 2071 | 0.12 | 0 |
| 9 | گەنجانی سەربەخۆ | 1960 | 0.10 | 0 |
| 10 | یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان | 1859 | 0.10 | 0 |

سەرچاوە: الجمهوريه العراق، المفوضية العليا المستقله للانتخابات، نتائج انتخابات برلمان كردستان لسنه 2009

http://www.ihec.iq/ar/result2009.html

### 3- گرنگترین دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردنی خوولی سێیەمی پارلەمانی کوردستان (2009)

وەك لەتەوەری یەکەمی ئەم توێژینەوەدا ئاماژەمان بۆ کرد بایەخی هەموو هەڵبژاردنێك بەو ئامانج و دەستکەوتانە دەستنیشان دەکرێت کەلێیدەکەوێتەوە، واتە هەڵبژاردن هەرچەندە پایەیەکی سەرەکی دیموکراسیە، بەڵام

بەتەنها ئەنجامدانی بەس نییە، بەڵكو بەدەرهاویشتەكانی گەورەیی و گرنگی دەپێوریت كەبەدەستیەوە دەدات لەسەر ئاستی ژیانی سیاسی و كۆمەلایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و سەربازی كۆمەڵگا بەگشتی. لەم روانگەیەوە باس لەگرنگترین دەرهاویشتەكانی ئەم هەڵبژاردنە دەكەین لەسەر خالانەی لای خوارەوە:

**یەكەم: لەسەر ئاستی پارلەمانی كوردستان**

لەبەر رۆشنایی دەرئەنجامی هەڵبژاردنی خوولی سێیەم، لەدانیشتنی دەسپێكی پارلەمانی كوردستان لە (20 ئابی2009) بەسەرۆكایەتی (محمد قادر عبدالله- بەتەمەنترین پارلەمانتاری خوولی سێیەم)، پارلەمانی كوردستان بەسەرۆكایەتی(كەمال كەركوكی) لەسەر لیستی (پ.د.ك) و جێگرایەتی (ئەرسەلان بایز) لەسەر لیستی (ی.ن.ك) پێكهات[50]. ئەوەی جێی باسە لەم خولەدا هەرچەندە چەند حزبێكی دیكە دەنگی زۆریان بەدەستهێنا، بەلام بڕیاری ئۆپۆزسیۆن بوونیاندا. واتە ئۆپۆزسیۆنێكی شەرعی و یاسایی بۆ یەكەمین جار لەناو پارلەمانی كوردستاندا بەدەركەوت. ئەو هێزانەش بریتیبوون لەهەریەكە لە (بزوتنەوەی گۆڕان بە (25) كورسی و، كۆمەڵی ئیسلامی بە (4) كورسی و، یەكگرتووی ئیسلامی بە (6) كورسی). بەمەش ئۆپۆزسیۆنی پارلەمانی هاتەكایەوەو كەزیاتر لە (30٪) كورسیەكانی پارلەمانیان لەلابوو. بەمەش قۆناغی مۆنۆپۆڵخوازی حزبی پەنجا بە پەنجا كۆتایی هات و قۆناغێكی تازەی خەباتی پارلەمانی بەبوونی ئۆپۆزسیۆن دەستپێكرد.

لەماوەی چواری ساڵی تەمەنی ئەم خوولەی پارلەماندا ئەم هێزە ئۆپۆزسیۆنانە كاریگەری بەرچاویان هەبوو لەسەر رەوتی كاری پارلەمانی و حكومی و، ئەم دامەزراوەیان كرد بەدامەزراوەیەكی گرنگ و چارەنووسسازی ناو پێكهاتەی سیستەمی سیاسی لەهەرێمدا. لە بواری یاسادانانەدا ئەم هێزە ئۆپۆزسیۆنانە توانیان چەندین پرۆژە یاسای گرنگ پێشكەش بەسەرۆكایەتی پارلەمان بكەن. بۆ نمونە (گۆڕان) بەتەنها لەم خوولەدا نزیكەی (60) پرۆژە یاسای پێشكەش بەسەرۆكایەتی پارلەمان كرد[51]. هەرچەندە هەموو ئەم پرۆژانە نەگۆڕان بۆ یاسا، بەلام توانی پارلەمان ناچار بكات گفتوگۆیان بكات و تەبەنیان بكات. هەنگاوێكی گرنگی دیكەی ئۆپۆزسیۆن ئەوەبوو كەتوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان ناچار بكات پرۆژە بوودجەكانی سالانی (2010-2011-2012-2013) پێشكەش بە پارلەمان بكات. ئەمەش بۆ خۆی یەكێك لەبەرچاوترین دەرهاویشتەكانی ئەم خولەیە، چونكە پێشتر بوودجەكانی هەرێمی كوردستان نەدەهاتە پارلەمان و ئەو گفتوگۆ چڕەی لەبارەوە نەدەكرا كە لەم خوولەدا بۆی دەكرا.

لەبواری چاودێریشدا بەهۆی كارایی ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ یەكەمین جار توانرا لێپرسینەوە لەسەرۆكی حكومەت بكرێت و پرسی لێسەندنەوەی متمانە لێی بخرێتە باسەوە لە (9 ئازاری 2011). ئەمە جگە لەوەی لەم ماوەیەدا نزیكەی (418) پرسیار ئاراستەی وەزیرەكانی حكومەت كرا[52]. بێگومان ئەم پێشكەوتنانەی كاری پارلەمانی لەم خولەدا بۆ خۆی ئاماژەیەكی گرنگبوو لەسەر بەرەو پێشەوەچوونی ژیانی سیاسی لەهەرێم و هەنگاونان بەرەو دامەزراوەكردنی پایەكانی حوكمڕانی تیایدا. بێگومان بەشێكی ئەم كارایەش دەگەڕایەوە بۆ دەركەوتنی ئەو هێزە نوێ و كاریگەرەی كەتوانی جێ پێی خۆی لەناو گۆڕەپانی سیاسی و یاسایی هەرێمدا بكاتەوەو كاریگەری بەرچاوی لەسەر دەركەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆنی پارلەمانی هەبێت ئەویش بزوتنەوەی گۆڕان بوو. بێگومان بەهۆی زیندوویی و كارایی پارلەمانەوە حكومەتی هەرێمیش لەچاو كابینەكانی دیكەی پێشوو زیاتر چالاكتر و پڕ دەسكەوتتربوو.

**دووەم: لەسەر ئاستی حكومەت**

لەدانیشتنی ژمارە (4) لەرۆژی (16 ئەیلولی2009)ی خوولی سێیەمی پارلەماندا (بەرهەم ساڵح) لەسەر پشكی (ی.ن.ك) بەزۆرینەی دەنگی پارلەمانتارانی ئامادەبوو (73) دەنگی (بەڵێ) بەرامبەر بە (28) دەنگی (نەخێر) وەك سەرۆكی حكومەتی هەرێم سوێندی یاسایی خواردو بوو بەسەرۆك حكومەت. (ئازاد محمد نجیب)یش لەسەر پشكی (پ.د.ك) بەهەمان رێژەی دەنگدانی سەرەوە وەك جێگری سەرۆكی حكومەت دەستنیشانكرا[53].

بەهۆی بەندەكانی (رێككەوتنامەی دووبارە یەكخستنەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان) كە لەنێوان (مام جەلال) سكرتێری ئەو كاتی (ی.ن.ك) و (مەسعود بارزانی) سەرۆكی (پ.د.ك) كە لە (21 كانوونی دووەمی 2006)دا ئیمزاكرابوو (دواتر ئەم ریككەوتنامەیە گۆڕا بۆ رێككەوتنامەی ستراتیژی[*] لەنێوانیاندا لە 27 تەموزی 2007)[54] تایبەت بەدابەشكرادنی پۆستە باڵاكانی ناو هەرێمی كوردستانو ئەو پۆستانەی لەبەغدا بۆ كورد هەبوون تەمەنی كابینەی شەشەمی حكومەتی هەرێم دوو ساڵبوو. لە پاش تەواوبوونی ئەم ماوەیە كابینەی حەوتەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەسەرۆكایەتی (نێچیرڤان بارزانی) لەسەر پشكی (پ.د.ك)و (عیماد ئەحمەد) لەسەر پشكی (ی.ن.ك) وەك جێگر پێكهاتو لە (5 نیسانی 2012) لەلایەن پارلەمانی كوردستانەوە متمانەی پێدرا[55]. ئەوەی شایەنی باشە لێرەدا ئەوەیە كە هەریەكە لە (بزوتنەوەی گۆڕان، یەكگرتووی ئیسلامی، كۆمەڵی ئیسلامی) بڕیاریاندا بەشداری هەردوو ئەو كابینەیە نەكەنو وەك ئۆپۆزسیۆن لەدەرەوەی دەسەلات بمێننەوە تاچاودێریو لێپرسینەوە لەكارەكانی بكەن. بەڵام خاڵی نێگەتیڤی ئەم خوولەی هەڵبژاردن بەگشتی ئەوەیە كە سەرباری بوونی ئۆپۆزسیۆنی كارای پارلەمانیو حكومی نەتوانرا بەشێوەیەكی تەواوەتی كۆتایی بەدابەشكاری حزبی بۆ پۆستە حكومیو ئیداریەكانی ناو سیستەمی سیاسی هەرێمی بهێنریت. ئەوەی (دكتۆر یاسین بورهان) ناوی ناوە (حوكمڕانی حزبۆكراتی)[56]. ئەم دیاردەی دابەشكردنی پۆستە باڵاكان لەنێوان هەردوو حزبی باڵادەست (پ.د.ك) و(ی.ن.ك) ئەمەش وایكرد هەرێم بەشێوەیەكی كرداری لەنێوان ئەم دوو هێزەدا دابەشبێتو ببێتە رێگر لەبەردەم راپەڕاندنی كارەكانی حكومەت بەشێوەیەكی باشو كارا.

**سێیەم: لەسەر ئاستی ژیانی كۆمەڵگای كوردی لەهەرێم بەشێوەیەكی گشتی**

وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ كرد خوولی سێیەمی هەڵبژاردنی پارلەمانی كوردستان بەوە دەناسرێتەوە كە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیو یاسایی سەریهەڵدا. بەتایبەت سەرهەڵدانی هێزێكی خاوەن جەماوەری وەك بزوتنەوەی گۆڕان كە لەهەناوی (ی.ن.ك) دەرچوو، لەیەكەمین بەشداریكردنیدا لەهەڵبژاردندا توانی (25) كورسی پارلەمانی بەدەستبهێنێت. بێگومان دەركەوتنی ئەم هێزە نەخشەی سیاسی لەهەرێمدا تارادەیەك گۆڕی بەتایبەت لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی بەوەی كەچیتر هێزێكی گەورەی وەك (ی.ن.ك) وەك تاكە هێزی باڵادەستو خاوەن جەماوەری نەمایەوە لەسنوری ئەم پارێزگایەدا، بەڵكو بەشێكی زۆری بنكەی جەماوەری خۆی لەبەرژەوەندی بزوتنەوەی گۆڕان لەدەستداو، بوو بەهێزی سێیەم.

دەرهاوێشتەیەكی دیكەی گرنگی ئەم خوولە پێكهێنانی لیستی (خزمەتگوزاریو چاكسازی)بوو لەنێوان هەر چوار پارتی ئیسلامیو عیلمانیو چەپ (یەكگرتوو، كۆمەڵ، سۆسیالیست، زەحمەتكێشان)، واتە ئەم لیستە لەیەكگرتنی دوو رەوتی (ئیسلامی- چەپ) دروستكرا، هەرچەندە لیستەكە دوای پێكهێنانی حكومەت هەڵوەشایەوە بەهۆی بەشداری (سوسیالیستو زەحمەتكێشان) لەهەردوو كابینەكەدا. ئەم هاوپەیمانیەی نێوان ئەم چوار پارتە بەپلەی یەكەم

لەقازانجی (سۆسیالیستو زەحمەتكێشان) بوو چونكە توانیان بەشێكی زۆری دەنگەكانی (یەكگرتوو كۆمەڵ) بۆ خۆیان بەرن، لەبەرامبەردا بە پلەی یەكەم (یەكگرتوو) زیانی زۆری بەركەوت بەهۆی زیزبوونی بەشێكی زۆری ئەندامەكانی لەوەی كەحزبەكەیان هاوپەیمانێتی لەگەڵ حزبگەلێكدا بەستووە كەتەواو پێچەوانەی ئاراستەی فكریو سیاسیو كاری ئەم حزبەیە.

دەرهاوێشتەیەكی دیكەی ئەم خولە هۆشیاركردنەوەی رای گشتی بوو لەهەرێمی كوردستان دەربارەی ئەو پرسە گرنگانەی كەراستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتیانەوە هەبوو. لەهەموو ئەمانە گرنگتر هاوڵاتیانی كوردستان بۆ یەكەمین جار ئاشنای ئەوەبوون كەبودجە چیەو چۆن خەرجدەكرێتو رۆڵی پارلەمانو حكومەتو هێزە سیاسیەكانو رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی چیە لەدەركردنو رێكخستنیو خەرجكردنی. ئەمەش لەئەنجامی ئەو فشارانەوە هات كەئۆپۆزسیۆن دەیخستە سەر حكومەتو دەستەی سەرۆكایەتی پارلەمان تاوەكو پرۆژە یاسای بودجەكان رەوانەی پارلەمان بكرێتو لەوێوە بڕیاری لەسەر بدرێت نەك لەلایەن مەكتەبی سیاسی (ی.ن.ك) و(پ.د.ك) و رێككەوتنی نێوان حزبو لایەنە سیاسیەكانی دیكە. هەموو ئەمانە وای لەحكومەت كرد هەوڵی زیاتر بدات بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەكان بۆ هاوڵاتیان. دەرهاوێشتەیەكی دیكە ئەم خولە گۆڕینی باڵانسی هێزی نێوان حزبە سیاسیەكانی هەرێمبوو بەتایبەت هەردوو حزبی باڵادەست (ی.ن.ك) و(پ.د.ك) كەچیتر ئەوەندە دەستكراوە نەبوون بەئارەزووی خۆیان هەرێمی كوردستان بەرێوەبەرن.

لەكۆتای ئەم تەوەردا دەتوانین بڵێین كەئەم خولەی هەڵبژاردن بەیەكێك لەباشترین خولەكانی پارلەمانی كوردستان دادەنرێت ئەوەش لەبەر ئەو دەرهاوێشتە گرنگانەی كەهەییوو چی لەسەر ئاستی كاری پارلەمانی یان حكومەت یان ژیانی كۆمەڵگای كوردی بەگشتی. ئەو كارایيو زیندویەتیەی لەم خولەدا بەدەركەوت ئاماژەیەكی گرنگبوو لەئاماژەكانی گەشە پێدانی سیاسیو پێشكەوتنی پرۆسەی سیاسی لەهەرێم. بۆ یەكەمین جار لەمێژووی ئەزموونی سیاسيو حوكمڕانی هەرێمیدا ئۆپۆزسیۆنی سیاسيو یاسایی سەریهەڵدا. بوونی ئەم ئۆپۆزسیۆنە وایكرد پارلەمان وەك دەسەڵاتی یاسادانانو چاودێریو، حكومەتیش وەك دەسەڵاتی جێبەجێكردن چالاكتر لەكابینەكانی پێشوو كارەكانی خۆیان را پەڕێننو دەستكەوتی زیاتر بۆ هەرێمی كوردستان لەسەر هەموو ئاستەكان بەدەستبهێنن.

### تەوەری سێیەم: هەڵبژاردنی خوولی چوارەمی پارلەمانی كوردستانو گرنگترین دەرهاوێشتەكانی

بەیەك مانگ[57] پاش تەواوبوونی ماوەی یاسای خولی سێیەمی پارلەمان (ئەرسەلان بایز) سەرۆكی پارلەمان داوای لەسەرۆكایەتی هەرێم كرد رۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خوولی چوارەم دیارییكات[58]. لەبەر رۆشنایی ئەم داواكاریە سەرۆكی هەرێم بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (50) لە (18 نیسانی 2013) رۆژی (21 ئەیلولی 2013) وەك كاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی چوارەمو، هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم دیاریكرد، چونكە ماوەی یاسایی ویلایەتی سەرۆكی هەرێمیش لەهەمان ماوەدا كۆتای دەهات[59].

پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكە پارلەمانی كوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (33)ی رۆژی (19 حوزەیرانی 2013) یاسای ژمارە (15) ساڵی (2013): یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پارلەمانی كوردستانی عێراق ژمارە (1) ساڵی (1992) هەمواركراو، دەركرد. گرنگترین هەموارێك لەم یاسایەدا هاتبێت گۆڕینی لیستی داخراو بوو بە

لیستی نیمچە کراوە[60]. وەك لەتەوەری یەکەمدا ئاماژەمان بۆ کرد لیستی نیمچە کراوە زیاتر لەبەهاو پرنسیپەکانی دیموکراسیەوە نزیکترە بەو پێیەی کە بوارێکی فراوانترو ئازادیەکی زۆرتر لەچاو لیستی داخراوە دەبەخشێتە دەنگدەر بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی‌و، لەهەمان کاتیشدا پارتە سیاسیەکان ئەو رۆڵەیان نابێت وەك لە لیستی داخراودا هەیانە بۆ هەڵبژاردنی کاندیدکان.

لەم هەڵبژاردنەدا (2,819,980) ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، بەڵام (1939057) ملیۆن کەس بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کرد واتە رێژەی (70.1٪). دابەشکاری هەڵبژاردنیش بۆ بەدەستهێنانی هەر کورسیەکی پارلەمانی یەکسان بوو بە (19774.68) دەنگ[61]. لەهەڵبژاردنەکە (31) قەوارەو پارتی سیاسی بەشدارین کرد، بەڵام تەنها (17) لیستو پارتی سیاسی توانیان کورسی پارلەمانی بەدەستبهێنن. بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

خشتەی ژمارە(2):ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی خوولی چوارەمی پارلەمانی کوردستان

| ژ | ناوی لیستو پارتەکان | کۆی دەنگەکان | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| 1 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 743984 | 38 |
| 2 | بزوتنەوەی گۆڕان | 476736 | 24 |
| 3 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 350500 | 18 |
| 4 | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 186741 | 10 |
| 5 | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | 118574 | 6 |
| 6 | بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان | 21834 | 1 |
| 7 | حزبی سۆسیالیستی کوردستان | 12501 | 1 |
| 8 | لیستی ئازادی (شیوعی) | 12392 | 1 |
| 9 | ئاراستەی سێیەم | 8681 | 1 |
| 10 | لیستی رافدێن | 6145 | 2 |
| 11 | ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | 5730 | 2 |
| 12 | لیستی پێشکەوتنی تورکمان | 5259 | 2 |
| 13 | لیستی هەولێری تورکمانی | 1951 | 1 |
| 14 | لیستی گۆڕانو نوێبوونەوەی تورکمانی | 1926 | 1 |
| 15 | لیستی جەبهەی تورکمانی عێراقی | 1753 | 1 |
| 1 | لیستی ابناو النهرین | 1093 | 1 |
| 17 | لیستی ئەرمەن | 531 | 1 |

سەرچاوە: خولی چوارەمی پارلەمانی کوردستان: لەسەر ماڵپەڕی فەرمی پارلەمانی کوردستان:

http://www.perleman.org/Default.aspx?page=page&c=xol4

### 1- هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکەو بەراوردی لەگەڵ هەڵبژاردنی خوولی سێیەم

خاڵی وەرچەخانی گرنگی ئەم هەڵبژاردنە نەمانی دیاردەی لیستی هاوبەش‌و هاوپەیمانێتی نێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستان بوو، بەتایبەتی نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)، واتە زۆربەی پارتە سیاسیەکان بەجیاو سەربەخۆ بەشداریان لەهەڵبژاردنەکە کرد، ئەمەش وایکرد کە دەنگی راستەقینەو سەنگی سیاسی‌و جەماوەری هەموو حزبەکان بەئاشکرا دەربکەوێت لەسەر گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان.

ئەگەر بەراوردێكی نێوان هەردوو خولەكە بكەین وەك لەخشتەی ژمارە(3) روونكراوەتەوە دەبینین پارتی دیموكراتی كوردستان لەهەڵبژاردنی خوولی چوارەمدا براوەی یەكەمەو ژمارەی كورسیەكانی لە (30) كورسیەوە بۆ (38) كورسی بەرزبویەوە، واتە (8) كورسی زیادی كرد. سەبارەت بە (ی.ن.ك) دەبینین كەژمارەی دەنگەكانیو كورسیەكانی بەرادەیەكی بەرچاو كەمی كرد، بەجۆرێك لە (29) كورسیەوە كەمی كرد بۆ (18) كورسی واتە بەرێژەی (33.5٪) متمانەی دەنگدەرانی لەدەستدا. بێگومان هۆكاری ئەم كەمكردنەی دەنگو كورسیەكانی دەگەڕایەوە بۆ دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕانو جیابوونەوەی لێی كە بەشێكی زۆری پێگەی جەماوەری بۆ بەرژەوەندی ئەم بزوتنەوەیە لەدەستدا. هۆكارێكی دیكەی ئەم كەمكردنە درێژكردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بوو لە (30 حوزەیرانی 2013) لەپارلەمانی كوردستانەوە كەسەرۆكایەتیەكەی بەدەست (ی.ن.ك)ەوە بوو، ئەمەش وایكرد لەهەڵبژاردنی خوولی چوارمەدا جەماوەرەكەی تۆڵەی لێبكاتەوەو دەنگی پێنەدا. ئەمە سەرباری بوونی رێككەوتنامەی ستراتیژی لەگەڵ (پ.د.ك) كەرەخنەی زۆری رووبەرووی ئەم حزبە كردەوە. هۆكارێكی دیكە بریتیبوو لەنەخۆشكەوتنی (مام جەلال)و دووركەوتنەوەی لەژیانی سیاسیو كاری حزبەكەی كەكاریگەری زۆری كردە باڵەكانی ناو (ی.ن.ك)و پەرتەوازەبوونی حزبەكە. هەروەها خراپی ئەزموونی حوكمڕانیو بوونی گەندەڵی سیاسیو ئیداریو دارایی زۆر لەسەر ئاستی حكومەت كە ئەم حزبە بەشێكی كاریگەری ناو پێكهاتەی حكومەتو بەشێكی گرنگی پایەكانی حوكمڕانی لابوو[62].

سەبارەت بە بزوتنەوەی گۆڕانیش كەمترین هەڵكشانو داكشان لەدەنگەكانیدا روویدا لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەكەدا. لەهەڵبژاردنی خوولی سێیەمدا (25) كورسی بەدەستهێنا، بەڵام لەم خولەدا كورسیەك كەمی كردو بوو بە (24) كورسی. هەرچەندە كورسیەكی لەدەستدا بەڵام رێژەی دەنگەكانی زیادیكرد، بەجۆرێك لەهەڵبژاردنی خوولی سێیەمدا (445026) هەزار دەنگی بەدەستهێنا، بەڵام لەهەڵبژاردنی خوولی چوارەمدا (476736) هەزار دەنگی بەدەست هێنا.

هەرچی پەیوەندی بەیەكگرتووی ئیسلامیو كۆمەڵی ئیسلامیەوە هەیە ئەوا لەم هەڵبژاردنەدا زۆرترین گۆڕان لەدەنگەكانیانو كورسیەكانیاندا روویدا. یەكگرتوو لەهەڵبژاردنی خوولی سێیەمدا لەبەرئەوەی بەلیستی هاوبەش لەگەڵ سێ پارتی سیاسی دیكەدا بەشداری كرد تەنها (6) كورسی پارلەمانی بەركەوت، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا لەبەرئەوەی بەسەربەخۆیی بەشداری كرد ژمارەی كورسیەكانی زیاد كرد بۆ (10) كورسی واتە (4) كورسی پارلەمانی زیادی كرد. كۆمەڵی ئیسلامیش بەهەمان شێوەی یەكگرتوو بەلیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردنی خوولی سێیەمی كردو تەنها (4) كورسی بەركەوت، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا توانی ژمارەی كورسیەكانی زیاد بكاتو بیگەیەنێتە (6) كورسی واتە (2) كورسی پارلەمانی زیادی كرد. لەبەرامبەردا گەورەترین دابەزین لەدەنگی حزبیدا بەر هەریەكە لە حزبی سوسیالیستو زەحمەتكێشان كەوت. ئەم دوو حیزبە لەبەرئەوەی بەلیستێكی هاوپەیمانی لەگەڵ یەكگرتوو و كۆمەڵ بەشداری هەڵبژاردنی خوولی سێیەمیان كرد یەكەمیان (2) كورسیو دووەمیشیان كورسیەكی پارلەمانی بەركەوت، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا یەكەمیان كورسیەكی لەدەستداو بوو بەخاوەن كورسیەك، دووەمیشیان بەهۆی سیستەمی زۆرترین دەنگی ماوەوە كورسیەكی پارلەمانی بەدەستهێنا. بێگومان جیاوازی رێژەی دەنگەكانی ئەم دوو حیزبە لەم دوو هەڵبژاردنەدا پەیوەندی بەو هاوپەیمانیەتیەوە هەبوو كە لەگەڵ یەكگرتوو و كۆمەڵدا بەستیان. چونكە ئەو دەنگانەی لەهەڵبژاردنی خوولی سێیەمدا بەدەستیان هێنا دەنگی راستەقینەی خۆیان نەبوو، بەڵكو دەنگی جەماوەری دوو حزبەكەی دیكەی

هاوپەیمانیان بوو. هەروەها بزوتنەوەی ئیسلامیش لەم هەڵبژاردنەدا ژمارەی دەنگ و کورسیەکانی بەرادەیەکی زۆر کەمی کەمیکرد کەتوانی تەنها یەك کورسی پارلەمانی بەدەستبهێنێت پاش ئەوەی خاوەن دوو کورسی بوو لەهەڵبژاردنی خوولی سێیەمی پارلەمانی کوردستاندا. بێگومان ئەم ئەنجامەش پەیوەندی بەدەنگەکانی یەکگرتوو و کۆمەڵەوە هەبوو کەدوای ئەوەی بەلیستی هاوبەش لەگەڵ دوو پارتی علمانیدا بەشداری هەڵبژاردنی خوولی سێیەمیان کرد زۆریك لەجەماوەرەکەیان دەنگیان بە بزوتنەوەی ئیسلامیدا، بەڵام لەهەڵبژاردنی خوولی چوارەمدا دەنگەکانی ئەو دوو حزبە بۆ خۆیان گەڕایەوە ئەمەش بەزیانی ئەم حزبە شکایەوە.

خشتەی ژمارە( 3 ): بەراوردی نێوان ژمارەی دەنگ و کورسی هەردوو هەڵبژاردنی خوولی سێیەم و چوارەمی لیست و پارتە بەشداربووەکان

| ژ | ناوی لیست و پارتی سیاسی | ژمارەی دەنگی 2009 | ژمارەی دەنگی 2013 | ژمارەی کورسی 2009 | ژمارەی کورسی 2013 | جیاوازی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پارتی دیموکراتی کوردستان | - | 743984 | 30 | 38 | 8+ |
| 2 | بزوتنەوەی گۆڕان | 445026 | 476736 | 25 | 24 | 1- |
| 3 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | - | 350500 | 29 | 18 | 11- |
| 4 | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | - | 186741 | 6 | 10 | 4+ |
| 5 | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | – | 118574 | 4 | 6 | 2+ |
| 6 | بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان | - | 21834 | 2 | 1 | 1- |
| 7 | حزبی سۆسیالیستی کوردستان | - | 12501 | 2 | 1 | 1- |
| 8 | لیستی ئازادی ( شیوعی ) | 12392 | | 1 | 1 | 0 |
| 9 | حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | - | | 1 | 1 | 0 |

تێبینی: لەبەرئەوەی هەر یەکە لە (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) بەلیستی هاوبەش بەناوی لیستی کوردستانیو، (یەکگرتووو کۆمەڵ و سۆسیالیست و زەحمەتکێشان) بەلیستی هاوبەش بەناوی (لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی) بەشداری هەڵبژاردنی خوولی سێیەمی پارلەمانی کوردستانیان کرد ڕێژەی دەنگەکانیان دیاری نییە، چونکە کۆی دەنگەکان بۆ لیستەکانیان ڕۆشتوە نەك خۆیان بەجیاجیا.

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بەئەنجامی هەردوو خشتەی ژمارە (1+2) سەرەوە.

## 2- دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردنی خوولی چوارەمی پارلەمانی کوردستان

هەڵبژاردنی خوولی چوارەمی پارلەمانی کوردستان چەندین دەرهاوێشتەی گرنگ و جیاوازی لێکەوتەوە، چی لەسەر ئاستی کاری پارلەمانی یاخود حکومەت یان بارودۆخی سیاسی و ئابووری و سەربازی هەرێم بەگشتی. لەخوارەوە باس لەگرنگترین ئەو دەرهاوێشتانە دەکەین:

### یەکەم: لەسەر ئاستی پارلەمان

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خوولی چوارەمی پارلەمانی کوردستان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکەوە، لیست و پارتە سیاسیەکانی براوەی هەڵبژاردنەکە دەستیان بەکۆبونەوەو دانوستان کرد بۆ پێکهێنانی پارلەمان و حکومەت. ئەمجارە بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی خوولەکانی پێشووەوە هیچ لیست و قەوارەیەکی

سیاسی زۆرینەیەكی ئەوتۆی بەدەستنەهێنا بتوانێت حكومەت پێكبهێنێت، بۆیە ئەم لیستو قەوارە سیاسیانە چەند مانگێك لەكۆبونەوەو دانوستاندا بوون تاوەكو گەیشتن بەرێككەوتن.

گرنگترین دەرئەنجامی ئەم دانوستانانەی نێوان پارتە بەهێزو خاوەن جەماوەرییەكانی وەك (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)و بزوتنەوەی گۆڕانو یەكگرتوو و كۆمەڵ ئەوەبوو كە ئەم سێ پارتەی دواییان بڕیاری بەشداریان لەحكومەتدا داو كۆتاییان بەكاری ئۆپۆزسیۆنی هێنا بۆ ئەم خوولەی پارلەمان. بە پێی رێككەوتنی نێوان لیستو پارتە براوەكان، بەتایبەتی نێوان گۆڕانو (پ.د.ك)، لەدانیشتنی دەستپێكی خوولی چوارەمی پارلەماندا لەرۆژی (29 نیسان 2014) (یوسف محمد سادق) لەبزوتنەوەی گۆڕان بەدەنگی (84) پارلەمانتار بەسەرۆكی پارلەمان هەڵبژێردرا. (جەعفەر ئیبراهیم ئیمنیكی)یش لەسەر پشكی (پ.د.ك) بەدەنگی (80) پارلەمانتار وەك جێگری سەرۆكی پارلەمان دەستنیشانكرا[63]. ئەوەی جێی ئاماژەیە لێرەدا ئەوەیە كە بۆ یەكەمین جار لەمێژووی سەرۆكایەتی پارلەماندا بەدەر لەهەردوو پارتی دەسەڵاتدار (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) حزبێكی دیكە سەرۆكایەتی پارلەمان بەدەستەوە بگرێت. بێگومان ئەمەش ئاماژەیەكی تەندروستبوو لەسەر بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسەی سیاسیو زیاتر نزیكبوونەوە لەپایەكانی دیموكراسی بەوەی كە لەرێگەی یاساو بەهەڵبژاردن توانرا دەستاودەستی سەرۆكایەتی پارلەمان بكرێت هەرچەندە زۆر درێژەی نەكێشا. ئەگەرچی ئەم خوولەی پارلەمان بەسازانو رێككەوتنی نێوان لایەنە سیاسیەكان پێكهات، بەڵام سەرۆكایەتیەكەی نەیتوانی ماوەی یاسایی خولەكە تەواو بكات. بەڵكو لە (2تشرینی یەكەم 2015) كاتێك سەرۆكی پارلەمان ویستی لەدانیشتنی ئاسایی پارلەماندا یاسای سەرۆكایەتی هەرێم گفتوگۆبكرێتو هەمواربكرێتەوەو كۆتایی بەماوەی سەرۆكایەتی (مەسعود بارزانی) بهێنرێت، بەڵام بەهۆی تەواونەبوونی نیسابی یاسایی دانیشتنەكە بۆ كاتێكی دیكە دواخرا. لە پەرچەكرداری ئەمەدا لەرۆژی (12 تشرینی یەكەم2015) هێزەكانی (پ.د.ك) لەزاڵگەی رێگای كەركوك- هەولێر رێگریان لەسەرۆكی هەرێم كرد بێتە ناوشاری هەولێرەوە[64]. لێرەوە دەسەڵاتی (یوسف محمد) وەك سەرۆكی پارلەمان كۆتایی هات تاوەكو لە (26كانوونی یەكەم2017) دەستی لەسەرۆكایەتی پارلەمان كێشایەوە[65]. (فەخرەدین قادر)یش وەك سكرتێری پارلەمانی[*] لە (29 ئەیلولی 2017) دەستی لەكاركێشایەوە[66]. پارلەمانیش لە(30 ئەیلوی 2017) بەدەنگی (47) پارلەمانتار دەست لەكاركێشانەوەی قبوڵكرا[67].

هەرچەندە چاوەڕوانی ئەوە دەكرا ئەم خوولەی پارلەمان دەسپێكی قۆناغی دووبارە دارشتنەوەی سیستەمی سیاسی هەرێمو هەنگاوی بەدامەزراوە كردنی ئۆرگانەكانی حوكمڕانیو هێنانەدی دادپەروەری كۆمەڵایەتیو گەشەپێدانی سیاسیو دوورخستنەوەی هەژمونی حزب بێت بەسەر حكومەتو دامەزراوەكانیداو، قۆناغی سەروەریو باڵادەستی پارلەمان بێت بەسەر دەسەڵاتەكانی دیكەو، كۆتایی حوكی حزبۆكراتی بێت، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو ئەمانەوە دەسەڵاتی یاسادانان بە بڕیارێكی تاك حزبیو لەبەرژەوەندی لایەنێكی سیاسی دیاركراودا بۆ ماوەی زیاتر لەدوو ساڵ پەكخراو و هیچ رۆڵێكی لەبەرێوەبردنی پایەكانی حوكمڕانیو لێپرسینەوەو چاودێری كارەكانی حكومەتدا نەگێڕا. پارلەمانی كوردستان لە (15ئەیلولی 2017) بەئامادەبوونی (68) پارلەمانتار لەفراكسیۆنی یەكێتیو پارتیو یەكگرتوو و سۆسیالیستو شیوعیو زەحمەتكێشانو بەبێ ئامادەبوونی گۆڕانو كۆمەڵو بزوتنەوەی ئیسلامیو لیستی رافدێنو بەرەی توركمانی، ئەمە

لەکاتێکدا بوو کەسەرۆکایەتی پارلەمان و سکرتێری پارلەمان پشکی گۆڕان و کۆمەڵ بوو، کاراکرایەوەو لەیەکەم دانیشتنی خۆیدا رۆژی (25 ئەیلولی 2017) وەك رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان پەسەندکرد[68].

بە پێی فەرمانی هەرێمی ژمارە (128) لە(12 تموزی 2017) داوا لەسەرۆکایەتی پارلەمان کرا کەرۆژی (1 تشرینی دووەم 2017) وەك رۆژی هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پارلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم دیاری بکات، بەلأم بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و سەربازی و، ئەو لێکەوتانەی کە لەریفراندۆمی (25 ئەیلول) کەوتەوە هەڵبژاردنەکە بۆ کاتێکی نادیار هەڵپەسێردرا تاساتەوەختی نوسینی ئەم توێژینەوەیە دیار نییە چی کاتێك هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت. دەرئەنجامی ئەمەش ئەوبوو پارلەمانی کوردستان لەدانیشتنی رۆژی (24 تشرینی یەکەم 2017) تەمەنی خۆیی و حکومەتی هەرێمی بۆ ماوەی دوو خولی یاسادانان درێژکردەوە.

بەم شێوەیە دەبینین دەرهاوێشتەکانی ئەم خوولەی پارلەمان لەسەر کارو ئەدای پارلەمانی کوردستان، نەك نەیتوانی ئەو ئامانج و ئەرکانە بەدیبهێنێت کە پێویست بوو لەسەری ئەنجامی بدات بەڵکو بووە نمونەیەکی خراپی کاری پارلەمانی و هێندەی دیکە ئەم دامەزراوەیە رۆڵ و کاریگەری لەسەر پرسە چارەنووسسازو پێگەی لەناو پێکهاتەی سیستەمی سیاسی هەرێمدا لەدەستدا. دووبارە بەشێوەیەکی دراماتێکی گەڕایەوە ژێر هەژموونی حزب و بووبە بەپاشکوی بڕیارە حزبیەکان. ئەمە لەکاتێکدا بوو کەعێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بەدۆخێکی تەواو هەستیارو چارەنوسسازدا تێدەپەڕین، هەر لەهاتنی رێکخراوی ئیسلامی لەشام و عێراق (داعش)و شەڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ چەکدارانی ئەم رێکخراوەو ئاڵۆزبوون و تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم، خراپبوونی باروگوزەرانی ئابووری خەڵکی کوردستان بەگشتی، پاشان لەهەمووی سەختتر بۆ گەلی کوردستان رووداوەکانی (16 ئۆکتۆبەری 2017) بوو کە نزیکەی (51٪) خاکی هەرێمی کوردستان کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی بەغدا. لەسەر ئاستی دەرەوەش هەرێمی کوردستان ئەو متمانە زۆرەی دەوڵەتانی لەدەستدا کە لەماوەی چەندین ساڵی حوکمڕانیدا توانیبووی وایانلێبکات وەك دۆست تەماشای هەرێم بکەن. ئەمە جگە لەسەپاندنی سزای یاسایی و ئیداری و ئابووری و سەربازی لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراق و وڵاتانی دراوسێی وەك تورکیاو ئێران بەسەر هەرێمدا. لەهەموو ئەم رووداو پرسە گرنگانەدا پارلەمانی کوردستان وەك دامەزراوەیەکی شەرعی و کاریگەرو سەرچاوەی بڕیار دروستکردن پەکخراو و دوورو نزیك نەیتوانی نەك بڕیار بدات بەڵکو پرسیشی پێبکرێت. هەموو ئەمانەش بوویە مایەی ئەوەی کە پارلەمان متمانەی هێزو لایەکان و تەنانەت خوودی هاوڵاتیانیش لەدەستبدات. ئەم دەرهاوێشتانە ئەو بۆچونە گرنگەی سەلماند کەبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی مانای دیموکراسی بوونی ئەو دەسەڵاتە ناگەیەنێت کەئەنجامی دەدات. بێگومان ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەش نەك لەخزمەتی دیموکراسی و بەرەو پێشەچوونیدا نەبوو، بەڵکو پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی و چەسپاندنی پایەکانی لەناو سیستەمی حوکمڕانی هەرێمدا پاشەکشەیان کرد لەبەرژەوەندی هەژموون و باڵادەستی حزبی سیاسی، بەتایبەت ئەو حزبانە دەستیان بەسەر سەرچاوەکانی هێزی ئابووری و سەربازی هەرێمدا گرتووە. ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کەئەزموونی دیموکراسی لەجیاتی هەنگاونان بۆ پێشەوە چەندین هەنگاو بەرەو دواوە گەڕایەوە.

**دووەم: لەسەر ئاستی حکومەت**

پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی نۆ مانگ دوای دەستبەکاربوونی پارلەمانی کوردستان‌و، پاش گفتوگۆو دانوستانی زۆری نێوان لایەنە سیاسیەکان سەرئەنجام توانیان حکومەتێکی بنکە فراوانی بێ ئۆپۆزسیۆن لە(16 خوزیران2014) پێکبهێنن. ئەم کابینەی حکومەتە بەسەرۆکایەتی (نێچرڤان بارزانی) لەسەر پشکی (پ.د.ك)و جێگری (قوباد تاڵەبانی) لەسەر پشکی (ی.ن.ك) متمانەی پارلەمانی کوردستانی وەگرت[69].

لەم کابینەیە (پ.د.ك) جگە لە پۆستی سەرۆکی وەزیران پێنج وەزارەتیشی بەرکەوت. (ی.ن.ك)یش جگە لە پۆستی جێگری سەرۆك وەزیران پێنج وەزارەتی وەرگرت. بزوتنەوەی گۆڕانیش چوار وەزارەت‌و، یەکگرتوو سێ وەزارەت‌و کۆمەڵیش دوو وەزارەت، دوو وەزارەتیش بۆ هەر یەکە لە پێکهاتەی تورکمان‌و ئاشوور. ئەمە جگە لەوەی چەندین پۆستی دیکە بەسەر ئەم هێزانەدا دابەشکرا.

هەرچەندە ئەم کابینەیە هەموو لایەنە سیاسیەکان بەشداریان تێدا کردو حکومەتێکی بنکە فراوانیان پێکهێنا، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندیەکانی نێوانیان بەتایبەتی پەیوەندیەکانی نێوان (پ.د.ك)و بزوتنەوەی گۆڕان‌و بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەو کێشانەوەو نەدۆزینەوەی چارەسەری پێویست بۆیان ئەم کابینەیە کەوتە ژێر فشارێکی زۆرەوە، بەڵام وێرای هەموو ئەمانە هێشتا بەردەوامبوو وەك حکومەتێکی بنکە فراوان تاوەکو رۆژی (12 تشرینی یەکەمی 2015) سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ وەزیرەکانی گۆڕان پێی راگەیاندن کە ئەوان چیتر وەك وەزیر ناتوانن بەشداری لەحکومەتدا بکەن. بێگومان ئەمەش درێژکراوەی هەمان کاری دەرکردنی سەرۆکی پارلەمانبوو لەهەولێر. بەم شێوەیە گۆڕان بەتەواوەتی لەحکومەت دەرکرا، بەڵام بڕیاری کشانەوەی لەحکومەت نەدا تا لە (20 کانونی یەکەم 2017) لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی لەبەیاننامەیەکدا کشانەوەی یەکجاری خۆیانیان لەکابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم راگەیاندو داوایان کرد ئەم کابینە هەڵبوەشێتەوەو لەجیاتی حکومەتێکی کاتی پێکبهێنرێت تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خوولی پێنجەم[70]. یەکگرتووی ئیسلامیش لە (16 کانونی یەکەمی 2018) بەزۆرینەی دەنگی ئەنجومەنی سەرکردایەتیەکەی بڕیاری کشانەوەی لەحکومەتدا[71]. سەبارەت بەسەرۆکایەتی هەرێمیش کەزۆرترین کێشمەکێش‌و ئاڵۆزی لێکەوتەوە بەهۆی درێژکردنەوەی ماوەی ویلاتی بارزانی بۆ ماوەی دوو ساڵ‌و، دواجاریش پەککەوتنی پارلەمانی بۆ ماوەی زیاتر لەدوو ساڵ لێکەوتەوە، سەرۆکی هەرێم لە (28 تشرینی یەکەن 2017) نامەی دەستهەڵگرتنی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم پێشکەش بەسەرۆکایەتی پارلەمان کرد. لەنامەکەدا بارزانی داوای لە پارلەمان کرد کە نە تەمەنی سەرۆکایەتی هەرێم درێژبکرێتەوەو نە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمیش، دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێمیش بەسەر پارلەمان‌و حکومەت‌و ئەنجومەنی دادوەریدا دابەشبکرێت[72].

بەم شێوەیە دەبینین کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچەندە بەسەرەتایەکی باش‌و پڕ ئومێد دەستپێیکردو هەموو لایەنە سیاسیەکان بەسازان‌و رێککەوتن بەشداریان تیادا کرد، بەڵام نەیتوانی پارێزگاری لەم بنکە فراوانیەی خۆی بکات‌و نمونەیەکی دروست‌و راستی دیموکراسی پێشکەش بکات. ئەم کابینەیە نەك نەیتوانی کێشەکان چارەسەر بکات بەڵکو بووە مایەی سەرهەڵدانی چەندین گرفت‌و قەیرانی سەختی سیاسی‌و ئابووری‌و سەربازی لەناوخۆی هەرێم‌و دەرەوەیدا. بەکورتی دەتوانین بڵێین دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردنی خوولی چوارەمی پارلەمانی کوردستان لەسەر

دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەهەردوو بەشەکەیەوە (سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران) هەرچەندە لەسەرەتاوە بەباشی دەستپێکرد، بەڵام بەهۆی دامەزراوەیی نەبوونی پایەکانی حوکمڕانی لەهەرێمی و نەبوونی سەروەری یاساو لاوازی دەستگرتن بە بەهاو پرنسیپەکانی دیموکراسیەوە، هەروەها بوونی باڵادەستبوونی حزب بەسەریداو نەبوونی متمانەی نێوان هێزە سیاسیەکان وایکرد کەئەم دەسەڵاتە نەتوانێت هەنگاوی جدی بەرەو دیموکراسی بنێت و ببێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی لەهەرێمی کوردستاندا.

## ئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەدا دەتوانین گرنگترین ئەنجامەکانی دیاربیکەین بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- هەڵبژاردن و دیموکراسی دوو دوانەی پێویست و لێکدانەبڕاون و شانبەشانی یەکتری و یەکتری تەواو دەکەن. ئەمەش مانای وانیە کە لەکوێدا هەڵبژاردن ئەنجامدرا ئیتر دیموکراسی جێ پێی خۆی گرتووەو هەیە، بەڵکو گرنگی و کاریگەری هەڵبژاردن بەدەرهاوێشتەوەو ئەنجامەکانیەوە لەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت کە تاچەند لەبەهاو پرنسیپەکانی دیموکراسی نزیکبوەتەوە.

2- هەڵبژاردنی خوولی سێیەمی پارلەمانی کوردستان بەگرنگترین خوولی پارلەمانی دادەنرێت لەهەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو دەرهاوێشتەو ئەنجامە گرنگانەی کە لەسەر پرۆسەی سیاسی و کاری حوکمڕانی و ئەدای پارلەمانی کوردستان هەیبوو. ئەمە جگە لەدەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و یاسای کەبۆیەکەمین جاربوو ئەزموونی سیاسی هەرێم بەخۆیەوە بیبینێ. بەلام لەگەڵ ئەمەشدا نەیتوانی کۆتایی بەحوکمڕانی جزبۆکراتی ناو هەرێمی کوردستان بهێنێت.

3- هەڵبژاردنی خوولی چوارەمی پارلەمانی کوردستان خراپترین دەرهاوێشتەی هەیە لەسەر ژیانی سیاسی و پرۆسەی حوکمڕانی هەرێم بەگشتی. بەهۆی چەندین پێدراوو پێشهاتی سیاسی و ئابووری و سەربازیەوە لەم خولەدا نە پارلەمان توانی رۆڵ و کاریگەری لەسەر رەوتی رووداوە چارەنوسسازەکان هەبێت و نەتوانیشی چاودێری و لێپرسینەوە لەسەر کارەکانی حکومەت بکات، نەحکومەتیش توانی پارێزگاری لەبەردەوامبوونی کاری هاوبەش و رێککەوتنی نێوان لایەنە سیاسیە پێکهێنەرەکانی بکات، بەڵکو لەگەڵ دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمدا خودی خۆیان بوون بەسەرچاوەی سەرهەڵدانی چەندین قەیرانی سەخت و گەورەی ئەوتۆ کەداهاتووی سیاسی و یاسای هەرێمیان خستووەتە بەردەم مەترسی گەورەوە.

4- باڵادەستی هەردوو حزب (پ.د.ك)و (ی.ن.ك) بەسەر پایەکانی حوکمڕانی و دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی هێزی ئابووری و سەربازی و سیاسی هەرێمدا وایکردووە هەڵبژاردن هەرچەندە دەرئەنجامی جیاوازو هێزی دیکەی دەرەوەی ئەو دوو پارتە بەدەربخات، بەڵام نەیتوانیوە لە پراکتیکدا ئەو ئەنجامانەی بەرجەستە بکات و، خزمەت بەدیموکراسی و پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی بکات.

5- پەیوەندی نێوان هەڵبژاردن و دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان هێشتا لەقۆناغی سەرەتایی و ئەزموونی دەرنەچووەو پێی نەناوەتە قۆناغی پێگەیشتنەوە، هێشتا هەڵبژاردن نەبوەتە پرۆسەیەك بۆ چەسپاندن و بەرەو پێشەوەچوونی

**دیموکراسی راستەقینە لەهەرێمدا. ئەمە لەکاتێکدایە هەرێمی کوردستان خاوەن چوار ئەزموونی هەڵبژاردنی پارلەمانیە لەکوردستانو، سێ ئەزموونی پارلەمانی عێراقیو، چەندین هەڵبژاردنو راپرسی دیکەیە لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانو پاریزگاکان.**

## پەراوێزەکان

(1) معجم القانون، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، القاهرة، 1999، ص7.

(2) المعجم الوسيط، مكتبة الشروق، القاهرة، ط4، 2004، ص908.

(3) Duncan Watts, Dictionary of American Government and Politics, Edinburgh University press, 2010, p.85.

(4) P.H.Collin, Dictionary of Politics and Government, Bloomsburg Publishing, Third Edition, 2004, p.83.

(5) عبدالغني البسيوني عبدالله، انظمة الانتخابات في مصر والعالم بين الانتخاب الفردي والانتخاب بالقائمة، منشاة المعارف، الاسكندرية، 1990، ص7.

(6) نظام بركات وآخرون، مباديء علم السياسية، دار الكرمل للنشر والتوزيع، عمان، 1989، ص ص 204-205.

(7) كمال الغالي، مباديء القانون الدستوري والنظم السياسية، مديرية الكتب والمطبوعات الجامعية، دمشق، 1985، ص 197.

(8) جدي سعيد، الديمقراطية: الموسوعة السياسية لشباب، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، ط1، يوليو 2001، ص 52.

(9) صالح جواد كاظم وعلي غالب العاني، الانظمة السياسية، مطبعة دار الحكمة، بغداد، 1991، ص 37.

(10) المادة الثانية من الفصل الثاني من قانون الانتخابات العراقية رقم (16) لسنة 2005.

(11) منذر الشاوي، الاقتراع السياسي، منشورات العدالة، بغداد، 2001، ص ص 11-12.

(12) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتانە بڕوانە: 1- عصام دبس، النظم السياسية: أسس التنظيم السياسي" الدول- الحكومات- الحقوق والحريات العامة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ط2، 2013، ص ص 200-201" منذر الشاوي، الاقتراع السياسي، مصدر سبق ذكره، ص ص 36-46" محمد سليم محمد غزوي، الوجيز في نظام الانتخابات، دار الوائل، عمان- الاردن، 2000، ص ص 18-19" حميد الساعدي، القانون الدستوري والتطور النظام السياسي في العراق، دار الحكمة للطباعة والنشر، موصل، ص88" ثامر كامل الخزرجي، النظم السياسية الحديثة والسياسات العامة: دراسة معاصرة في استراتيجية ادارة السلطة، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، 2002، ص 33.

(13) عصام دبس، مصدر سبق ذكره، ص 201.

(14) فؤاد العطار، النظم السياسية، دار النهضة العربية، القاهرة، 1986، ص 202.

(15) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سیستەمەکانی هەڵبژاردن بڕوانە: أندرو رينولدز وآخرون، اشكال النظم الانتخابية: دليل المؤسسة الدولية الديمقراطية والانتخابات، نسخة جديدة ومنفتحة، ترجمة: أيمن أيوب، المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، ستوكهولم- سويد، ط2، 2010، ص44.

(16) المصدر نفسه. ص43.

(17) مادەی (2) لەیاسای ژمارە (1) ساڵی (1992): یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق.

(18) ماددەی (36) هەمان یاسا.

(19) لەڕاستیدا یاسای ژمارە (1) ساڵی (1992) بەراشکاوی ئەوەی تیادا نەهاتووە کەهەڵبژاردن دەبێت بەلیستی دەخراو یان کراوە یان نیمچە کراوە بێت، بەڵام بەناوهێنانی ئەوەی کە لەبڕگەی (2) ماددەی (37) داهاتووە: " هەڵبژاردنی سەرکەوتوان ناو پاڵێوراوان بۆ ئەو لایەنە بەجێدەهێڵێت کەخاوەن لیستەکەیەو بەم شێوەیە دەبێت: أ- یەك لەدوای یەك. ب- بەدەستنیشانکردن". ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کەهەڵبژاردنی ساڵی (1992) و (2005) بەلیستی داخراوبووە.

(20) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابراهيم عزيز شحا، النظم السياسية والقانون الدستوري المصري، منشأة المعارف، الاسكندرية، 2000، ص279" موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري: الانظمة السياسية الكبرى، ترجمة: جورج سعد، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، لبنان، 1992، ص ص 94-95" حمد عاطف البنا، الوسيط في النظم السياسية، دار الفكر العربي، مصر، ط2، 1994، ص 134.

(21) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عصام دبس، مصدر سبق ذكره، ص ص 222-223" ماجد راغب الحلو، النظم السياسية والقانون الدستوري، منشأة المعارف، الاسكندرية، 2000، ص 149.

(22) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵبژاردن بەشێوازی زۆرینەو هەڵبژاردن بەشێوازی تاکەکەسیو لیست بڕوانە: محمد عاطف البنا، مصدر سبق ذكره، ص 324" عصام دبس، مصدر سبق ذكره، ص ص 226-230" بلال زين الدين، النظم الانتخابية المعاصرة، دار الفكري الجامعي، الاسكندرية- مصر، 2011، ص 66" ابراهيم عبدالعزيز شحا، مصدر سبق ذكره، ص ص 283-286" عصام نعمة اسماعيل، النظم الانتخابية، منشورات زين الحقوقية، بيروت-لبنان، ط2، 2007، ص 337.

(23) عصام دبس، مصدر سبق ذكره، ص 231.

(24) ابراهيم عبدالعزيز شحا، مصدر سبق ذكره، ص 320.

(25) أندرو رينولدز وآخرون، مصدر سبق ذكره، ص 83.

(26) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵبژاردن بەگوێرەی لیستی داخراو- کراوە- نیمچە کراوە بڕوانە: عصام دبس، مصدر سبق ذكره، ص232" ابراهيم عبدالعزيز شحا، مصدر سبق ذكره، ص 297" أندرو رينولدز وآخرون، مصدر سبق ذكره، ص ص 112-113" حسن مصطفى البحري، الانتخابات كوسيلة لاسناد السلطة في النظم الديمقراطية، كلية الحقوق، جامعة دمشق، 2014، ص ص 58-59" صالح جواد كاظم وعلي غالب العاني، مصدر سبق ذكره، ص 55.

(27) صالح جواد كاظم وعلي غالب العاني، مصدر سبق ذكره، ص49" حميد حنون خالد، الانظمة السياسية، شركة العاتك لصناعة الكتب، القاهرة، ط3، 2010، ص ص53-5.

(28) عصام دبس، مصدر سبق ذكره، ص 235" أندرو رينولدز وآخرون، مصدر سبق ذكره، ص 233.

(29) **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڤیان مجید فەرەج، سیستەمەکانی هەڵبژاردن و پرنسیپەکانی دەنگدان، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، چ2، 2010، ل56-60.**

(30) **صالح جواد كاظم وعلي غالب العاني، مصدر سبق ذكره، ص48" حميد حنون خالد، الانظمة السياسية، شركة العاتك لصناعة الكتب، القاهرة، ط3، 2010، ص ص53-5.**

(31) الطيب البكوشي، الانتخابات والديمقراطية: اشكالية أولية: في كتاب الديمقراطية والانتخابات في العالم العربي، اعمال المؤتمر الدولي حول الديمقراطية والانتخابات في الوطن العربي، تقديم: علاء الشبلي، تحرير: كريم خميس، المنظمة العربية لحقوق الانسان، القاهرة، 2014، ص 18.

(32) روبرت أ. دال، عن الديمقراطية، ترجمة: أحمد أمين الجمل، الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، القاهرة، 2000، ص 46.

(33) **بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم باسە بڕوانە:** عبدالفتاح ماضي، مفهوم الانتخابات الديمقراطية: دراسة مقدمة الى مشروع دراسات الديمقراطية في البلدان العربية: الديمقراطية والانتخابات في البلاد العربية، أكسفورد، اغسطس 2006، ص ص 62-66.

(34) **یاسین ئاشوور جەوهەر، ڕۆڵی دەستەبژێری سیاسی فەرمانڕەوا لەپرۆسەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی، گۆڤاری دەستور: گۆڤارێکە بایەخ بە بابەتە سیاسیەکان دەدات، ژمارە (6)، کانوونی دووەمی 2018، ل 6.**

(*) **هەر سێ لیستەکە بریتیبون لە (لیستی نیشتیمانی دیموکراسی کوردستانی) کەتوانی ڕێژەی (89.5٪) دەنگەکان بۆ خۆی بەرێتو (104) کورسی پارلەمانی لەکۆی (111) کورسی بەدەستبهێنێت. لیستی دووەم: لیستی (کۆمەڵی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق)بوو کەتوانی ڕێژەی (4.86٪) دەنگەکان بۆ خۆی بەدەستبهێنێتو (6) کورسی پارلەمانی بەدەستبخات. کۆتا لیستیش لیستی ( حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) بوو کە ڕێژەی (1,17٪) دەنگەکانی بەدەستهێناو یەك کورسی پارلەمانی بەرکەوت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:** تاريخ انتخابات الدورة الثانية (2005) على الموقع الرسمي لبرلمان كردستان العراق على شبكة المعلومات الدولية: http://www.perleman.org/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History2005

(35) **بروانە دەقی یاساکە لە:** جريدة وقائع كردستان، العدد (55)، السنة الخامسة، 10 تموز 1005، ص ص 18-23.

(36) **دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، چوار ساڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (2005-2009)، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2009، ل18-19.**

(37) **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:** التشكيلة الخامسة لحكومة اقليم كردستان العراق الموحدة، منشور على الموقع الرسمي لحكومة اقليم كردستان العراق على شبكة المعلومات الدولية: http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=03000061&l=14&r=255&a=10927

(38) **مادەی (10) لەیاسای هەمواری سێیەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (1) ساڵی (1992).**

(39) **مادەی (15) هەمان یاسا.**

(40) **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: زوبێر ڕەسول، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە (27) زستانی 2010، ل76.**

(41) **یاسین ساڵح، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری- شیکاریە دەربارەی هەندێ ئەزموونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- میسر-تورکیا- هەرێمی کوردستان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009، ل341.**

(42) **هەمان سەرچاوە.**

(43) **بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: نەوشیروان مستەفا، لەنێوان مام جەلالو مندا، ئازاری 1999-2001، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009، ل 137-138 هەروەها ل 4-5.**

(44) **بەپێی مادەی (1) لەیاسای هەمواری چوارەم ژمارە (2) ساڵی (2009) یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق ژمارە (1) ساڵی (1992) ناوی پارلەمانی کوردستان- عراق جوێنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق گرتەوە.**

(45) **مادەی (3)ی هەمان یاسا**

(46) **مادەی (4)ی هەمان یاسا**

(47) **مادەی (8)ی لەیاسای هەمواری چوارەم ژمارە (2) ساڵی (2009) یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق ژمارە (1) ساڵی (1992)**

(48) **مادەی (10)ی هەمان یاسا**

(49) **مادەی (11)ی هەمان یاسا**

(50) **هەرێمی کوردستان- عیڕاق، پارلەمانی کوردستان، پرۆتۆکۆڵەکان، ژمارە (54)، 2009، ل 25 بەدواوە.**

(51) مكتب كتلة التغيير في برلمان كوردستان العراق، اربيل، بيانات غير منشورة، 2013.

(52) **هاژە کوسرت مجید،** المعارضة السياسية: دراسة في تجربة اقليم كردستان العراق خلال المدة (2009-2013)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية القانون والسياسية، قسم العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين، أربيل، 2014، ص 86.

(53) **هەرێمی کوردستان- عیڕاق، پارلەمانی کوردستان، پرۆتۆکۆڵەکان، ژمارە (58)، 2009، ل 219-220.**

(*) **هەرچەندە ئەم ڕێککەوتنامەیە لە (27 تەموزی 2006) لەنێوان (ی.ن.ك) و(پ.د.ك) ئیمزاکرا، بەڵام بەشێوەیەکی شاراوە مایەوە تاوەکو لە (2حوزەیرانی 2010) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردەوە. بۆ دەقی ڕێککەوتنامەکە بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتیە (ی.ن.ك) دەریدەکات، ساڵی نۆزدەیەم، ژمارە (5191) چوارشەمە لە (2 حوزەیرانی 2010)، ل 6.**

(54) **ڕێککەوتنامەی ستراتیژی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە بە بڕیاری ژمارە (1) لە (21 کانوونی دووەمی 2006) تەسدیقکراو لەڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان ژمارە (62) لە (27 ئابی 2006)، ل 32-33 بڵاوکرایەوە.**

(55) السيرة الذاتية لوزراء التشكيلة السادسة لحكومة اقليم كردستان العراق، متوفر على الموقع الرسمي لحكومة اقليم كوردستان على شبكة المعلومات الدولية:
www.cabinet.gov.krd/a/d.aspx1=14&a=43540.

(56) **برهان یاسین، لەقوڵایی سیاسەستدا، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە- ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، سلێمانی، 2016، ل104.**

([57]) بە پێی مادده 1 ی یاسای ژماره ( 18 ) ساڵی ( 2013 ): یاسای درێژكردنەوەی خوولی سێیەمی هەڵبژاردنی پارلەمانی كوردستان، ماوەی كاری پەرلەمان درێژكرایەوە تاوەكو ( 1 تشرینی دووەمی 2013 ). وەك لەهۆیەكانی دەرچواندنی ئەم یاسایەدا هاتووە درێژكردنەوەی كاری پەرلەمانی كوردستان بۆ ئەوەیە كەهیچ بۆشاییەكی یاسایی لەهەرێمی كوردستاندا دروست نەبێت تاگرێدانی دانیشتی یەكەمی خوولی چوارەمی پارلەمانی كوردستان.

([58]) بروانە دەقی نوسراوی سەرۆكی پارلەمانی كوردستان ژمارە ( 4/3/6298 ) لە ( 2012/12/15 ) لەسەر ماڵپەری فەرمی پارلەمانی كوردستان:
www.perleman.org/Default.aspx?page=page&c=xol4.

([59]) هەمان سەرچاوە.

([60]) ماددەی 1 لەیاسای ژمارە ( 15 ) ساڵی ( 2013 ): یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پارلەمانی كوردستان ژمارە ( 1 ) ساڵی ( 1992 )ی هەمواركراو.

([61]) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنێتی دابەشكردنی كورسیەكانی پارلەمانی كوردستان بڕوانە: ماددەی 7 هەمان یاسای سەرەوە.

([62]) سەنگەر احمد حسین، شیكردنەوەی جوگرافی بۆ هەڵبژاردنەكانی پارلەمانی كوردستان ( 2009-2013 ): لێكۆڵینەوەیك لەجوگرافیای سیاسی، نامەی ماستەر بلاَونەكراوە، كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەدین، 2015، لا 152-154.

([63]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەرێمی كوردستانی عێراق، پارلەمانی كوردستان، پڕۆتۆكۆڵی دانیشتنی دەسپێك، سێشەممە 29 نیسان 2014، خوولی چوارەمی هەڵبژاردن/ ل 14.

([64]) رێگری لەسەرۆكی پارلەمان كرا بگەڕێتەوە بۆ هەولێر: لەسەر ماڵپەڕی ( سنورمیدیا ):
www.snurmedia.com/all-details.aspx?jimare=4900.

([65]) بڕوانە دەقی وتاری دەستلەكاركێشانەوەی سەرۆكی پارەلەمانی كوردستان لەسەر ماڵپەڕی (لڤین پرێس):
www.lvinpress.com/n/dreja.aspx?jimare=61379&jor=1.

([*]) پەرلەمانی كوردستان لەدانیشتنی ژمارە (3) خولی پایزەی خوولی چوارەمدا لەرۆژی (24 تشرینی یەكەم 2017) بەزۆرینەی دەنگ (59 دەنگ لەكۆی 71 دەنگ) ئەندام پارلەمانی ئامادەبوو (بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی) وەك سكرتێری هەمیشەی پارلەمانی كوردستان لەجیاتی (فەخرەدین قادر) هەڵبژێردرا.

(66) فەخرەدین قادر دەستی لەكار كێشایەوە: لەسەر ماڵپەری (پەیمانگای ناوین): www.nawen.org/ku/2017/09/30/parlament.

([67]) بڕوانە ماڵپەڕی فەرمی پارلەمانی كوردستان: www.perleman.org/default.aspx?page=articale&id-23513&1=33.

([68]) پارلەمانی كوردستان رۆژی (25 ئەیلولی 2017) بۆ ئەندامدانی ریفراندۆم پەسەندكرد. لەسەر ماڵپەڕی فەرمی پارلەمانی كوردستان:
www.perleman.org/default.aspx?page=articale&id-23494&1=3.

([69]) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنێتی متمانە وەرگرتنی سەرۆك وەزیران‌و جێگرەكەی‌و وەزیرەكانی بڕوانە: هەرێمی كوردستان، پارەلەمانی كوردستانی عێراق، پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10) چوارشەممە رێكەوتی (18 حوزەیرانی 2014)، خوولی چوارەمی پارلەمان.

([70]) بڕوانە دەقی بەیاننامەكە لەسەر ماڵپەڕی (لڤین پرێس): www.lvinpress.com/n/dreja.aspx?=hawal&jimare=612748&jor=1.

([71]) هەمان سەرچاوە.

([72]) بڕوانە دەقی نامەكەی سەرۆكی هەرێم لەسەر ماڵپەڕی فەرمی پارلەمانی كوردستان:
.www.perleman.org/default.aspx?page=articale&id-23555&1=3

## سەرچاوەكان


- **یاسای ژمارە ( 1 ) ساڵی ( 1992 ): یاسای هەڵبژاردنی ئە نجومەنی نیشتیمانی كوردستانی عێراق هەمواركراو.**
- **یاسای هەمواری سێیەمی یاسای هەڵبژاردنی ئە نجومەنی نوێنەرانی نیشتمانی كوردستانی عێراق ژمارە ( 1 ) ساڵی ( 1992 ) هەمواركراو.**
- **یاسای هەمواری چوارەم ژمارە ( 2 ) ساڵی ( 2009 ): یاسای ئە نجومەنی نیشتیمانی كوردستانی عێراق ژمارە ( 1 ) ساڵی ( 1992 ) هەمواركراو.**
- **یاسای هەمواری پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پارلەمانی كوردستان ژمارە ( 1 ) ساڵی ( 1992 )ی هەمواركراو.**
- **یاسای ژمارە ( 15 ) ساڵی ( 2013 ): یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پارلەمانی كوردستان ژمارە ( 1 ) ساڵی ( 1992 )ی هەمواركراو.**
- **یاسای ژمارە ( 18 ) ساڵی ( 2013 ): یاسای درێژكردنەوەی خوولی سێیەمی هەڵبژاردنی پارلەمانی كوردستان.**
- **هەرێمی كوردستان- عێراق، پارلەمانی كوردستان، پڕۆتۆكۆڵەكان، ژمارە ( 54 )، 2009.**
- **هەرێمی كوردستان- عێراق، پارلەمانی كوردستان، پڕۆتۆكۆڵەكان، ژمارە ( 58 )، 2009.**
- **هەرێمی كوردستانی عێراق، پارلەمانی كوردستان، پڕۆتۆكۆڵی دانیشتنی دەسپێك، سێشەممە 29 نیسان 2014، خوولی چوارەمی هەڵبژاردن.**
- **سێیەم: كتێب**

- **برهان یاسین، لەقوڵایی سیاسەستدا، ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە- ناوەندی بلاوکردنەوەی ئەندێشە، سلێمانی،** 2016.
- **دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، چوار ساڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان** (2005-2009)**، دەزگای ئاراس، هەولێر،** 2009.
- **ڤیان مجید فەرەج، سیستەمەکانی هەڵبژاردن و پرنسیپەکانی دەنگدان، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، چ**2، 2010.
- **نەوشیروان مستەفا، لەنێوان مام جەلال و مندا، ئازاری** 1999-2001**، چاپخانەی رەنج، سلێمانی،** 2009.
- **یاسین ساڵح، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری- شیکاریە دەربارەی هەندێ ئەزموونی رۆژهەلاتی ناوەراست- میسر-تورکیا- هەرێمی کوردستان، چاپخانەی رەنج، سلێمانی،** 2009.
- **سەنگەر احمد حسین، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستان** (2009-2013)**: لێکۆڵینەوەیك لەجوگرافیای سیاسی، نامەی ماستەر بلاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین،** 2015.
- **رۆژنامەی کوردستانی نوێ، رۆژنامەیەکی سیاسی گشتیە** (ی.ن.ك) **دەریدەکات، ساڵی نۆزدەیەم، ژمارە** (5191) **چوارشەمە لە** (2 **حوزەیرانی** 2010).
- **رۆژنامەی وەقائعی کوردستان ژمارە** (62) **لە** (27 **ئابی** 2006).
- **زوبێر رەسول، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، گۆڤاری رۆشنگەری، ژمارە** (27) **زستانی** 2010.
- **یاسین ئاشوور جەوهەر، رۆڵی دەستەبژێری سیاسی فەرمانرەوا لە پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی، گۆڤاری دەستور: گۆڤارێکە بایەخ بە بابەتە سیاسیەکان دەدات، ژمارە** (6)**، کانوونی دووەمی** 2018.
- **دەقی نوسراوی سەرۆکی پارلەمانی کوردستان ژمارە** (4/3/6298) **لە** (2012/12/15) **لەسەر ماڵپەری فەرمی پارلەمانی** کوردستان: www.perleman.org/Default.aspx?page=page&c=xol4 .
- رێگری لەسەرۆکی پارلەمان کرا بگەرێتەوە بۆ هەولێر: لەسەر ماڵپەری (سنورمیدیا):
- www.snurmedia.com/all-details.aspx?jimare=4900.
- دەقی وتاری دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی پارەلەمانی کوردستان لەسەر ماڵپەری (ڤفین پرێس):
- www.lvinpress.com/n/dreja.aspx?jimare=61379&jor=1.
- قانون الانتخابات العراقية رقم (16) لسنة 2005.
- معجم القانون، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، القاهرة، 1999.
- المعجم الوسيط، مكتبة الشروق، القاهرة، ط4، 2004.
- ابراهيم عزيز شحا، النظم السياسية والقانون الدستوري المصري، منشأة المعارف، الاسكندرية، 2000.
- أندرو رينولدز وآخرون، اشكال النظم الانتخابية: دليل المؤسسة الدولية الديمقراطية والانتخابات، نسخة جديدة ومنفتحة، ترجمة: أيمن أيوب، المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، ستوكهولم- سويد، ط2، 2010.
- بلال زين الدين، النظم الانتخابية المعاصرة، دار الفكري الجامعي، الاسكندرية- مصر، 2011.
- ثامر كامل الخزرجي، النظم السياسية الحديثة والسياسات العامة: دراسة معاصرة في استراتيجية ادارة السلطة، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، 2002.
- جدي سعيد، الديمقراطية: الموسوعة السياسية لشباب، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، ط1، يوليو 2001..
- حسن مصطفى البحري، الانتخابات كوسيلة لاسناد السلطة في النظم الديمقراطية، كلية الحقوق، جامعة دمشق، 2014.
- حمد عاطف البنا، الوسيط في النظم السياسية، دار الفكر العربي، مصر، ط2، 1994..
- حميد الساعدي، القانون الدستوري والتطور النظام السياسي في العراق، دار الحكمة للطباعة والنشر، موصل.
- حميد حنون خالد، الانظمة السياسية، شركة العاتك لصناعة الكتب، القاهرة، ط3، 2010.
- روبرت أ. دال، عن الديمقراطية، ترجمة: أحمد أمين الجمل، الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، القاهرة، 2000.

- صالح جواد كاظم وعلي غالب العاني، الانظمة السياسية، مطبعة دار الحكمة، بغداد، 1991.
- الطيب البكوشي، الانتخابات والديمقراطية: اشكالية أولية: في كتاب الديمقراطية والانتخابات في العالم العربي، اعمال المؤتمر الدولي حول الديمقراطية والانتخابات في الوطن العربي، تقديم: علاء الشبلي، تحرير: كريم خميس، المنظمة العربية لحقوق الانسان، القاهرة، 2014.
- عبدالغني البسيوني عبدالله، انظمة الانتخابات في مصر والعالم بين الانتخاب الفردي والانتخاب بالقائمة، منشاة المعارف، الاسكندرية، 1990.
- عصام دبس، النظم السياسية: أسس التنظيم السياسي; الدول- الحكومات- الحقوق والحريات العامة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ط2، 2013.
- عصام نعمة اسماعيل، النظم الانتخابية، منشورات زين الحقوقية، بيروت-لبنان، ط2، 2007.
- فؤاد العطار، النظم السياسية، دار النهضة العربية، القاهرة، 1986، ص 202.
- كمال الغالي، مباديء القانون الدستوري والنظم السياسية، مديرية الكتب والمطبوعات الجامعية، دمشق، 1985.
- ماجد راغب الحلو، النظم السياسية والقانون الدستوري، منشأة المعارف، الاسكندرية، 2000.
- ماضي، مفهوم الانتخابات الديمقراطية: دراسة مقدمة الى مشروع دراسات الديمقراطية في البلدان العربية: الديمقراطية والانتخابات في البلاد العربية، أكسفورد، اغسطس 2006.
- محمد سليم محمد غزوي، الوجيز في نظام الانتخابات، دار الوائل، عمان- الاردن، 2000.
- منذر الشاوي، الاقتراع السياسي، منشورات العدالة، بغداد، 2001، ص ص 11-12.
- موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري: الانظمة السياسية الكبرى، ترجمة: جورج سعد، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، لبنان، 1992.
- نظام بركات وآخرون، مباديء علم السياسية، دار الكرمل للنشور والتوزيع، عمان، 1989.
- هاژە كوسرت مجيد، المعارضة السياسية: دراسة في تجربة اقليم كردستان العراق حلال المدة (2009-2013)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية القانون والسياسية، قسم العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين، أربيل، 2014.
- جريدة وقائع كردستان، العدد (55)، السنة الخامسة، 10 تموز 2015.
- مكتب كتلة التغيير في برلمان كوردستان العراق، اربيل، بيانات غير منشورة، 2013.
- تاريخ انتخابات الدورة الثانية (2005) على الموقع الرسمي لبرلمان كردستان العراق على شبكة المعلومات الدولية: http://www.perleman.org/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History2005
- التشكيلة الخامسة لحكومة اقليم كردستان العراق الموحدة، منشور على الموقع الرسمي لحكومة اقليم كردستان العراق على شبكة المعلومات الدولية: http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=03000061&l=14&r=255&a=10927
- السيرة الذاتية لوزراء التشكيلة السادسة لحكومة اقليم كردستان العراق، متوفر على الموقع الرسمي لحكومة اقليم كوردستان على شبكة المعلومات الدولية: www.cabinet.gov.krd/a/d.aspx1=14&a=43540
- Duncan Watts, Dictionary of American Government and Politics, Edinburgh University press, 2010.
- P.H.Collin, Dictionary of Politics and Government, Bloomsburg Publishing, Third Edition, 2004.


**Abstract**

Elections are away to give the political power and authority legally and freely to a group and a political party in the state country. This is because of existing democratic principles, considering that people are source of political legitimacy, not any other source. If democracy is power from people to people, and for people, the only way to embody this principle is election, therefore; relationship between elections and democracy are complementary and necessary, they together embody the will of people.

The study consists of three main sections. The first one is theoretically special about clarification and detention of election and democracy concept, and the relations between them. In the second aspect, are talked about the election of third session and generally described the participation of political forces and parties in this electoral cycle with the most important repercussions of this session on legislative and executive authorities and on the life of all Kurdish people. Furthermore, third section focused on the fourth session election and the most significant outcome of such an election, with identification of the most important barriers and obstacles as well as determining solutions for such circumstances.

The research ended with conclusion. The significant result that the study reached is the election of third session of Kurdistan parliament is one of the most important electoral cycles in Kurdistan region because of their results and their fundamental implications on the political process, government work, the performance of parliament. However, the election of the fourth session had the worst effect on Political life and government process of Kurdistan region in general.